**ژمارە / ١/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت ٢٠٢٣/٢/١٤**

لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٣٠ وە لە دۆسیەی داوای ژمارە ١١٦/ش/٢٠٢٢ دادگای باری کەسیتی لە حاجیاوا بڕیاری دەرکرد بە چەسپاندنی رەچەلەکی داواکار □ دژلەسەرکراو □ ك/ م/ح/ لەسەر داوالێکراوان هەریەك لە دایك و باوکی بەناوەکانی ( م/ ح/ م/) وە ( ز/ أ/ ع/ ) بە لە دایك بوونی (١٩٩١/٤/٥) وە تۆمار بکرێت لە تیانووسە فەرمیەکانی لەسەر فەرمانگەی باری شارستانی . لەبەر قایل نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بەم بڕیارە هەڵسا بە تانە لێدان بە ڕێگای تانە لە بەرژەوەندی یاسا بە پێی تیانووسی ژمارە ٢١٧٣/٣ لە ٢٠٢٢/١٢/٦ وە پاش گەیشتنی دۆسیە و تانەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمارکرا و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ .

**بڕیار** / پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەش کراو لە لایەن سەرۆکی داواکاری گشتی تایبەتە بە بڕیاری دادگای باری کەسی حاجیاوا بە ژمارە (١١٦/س/٢٠٢٢) ف ٢٠٢٢/٨/٣٠ و بڕیارەکەش هیچ تانەیەکی لێ نەدراوە دوای سەرنج دان تێبینی کرا کە بڕیارەکە دروست نیە پێچەوانەی یاسایە چونکە دادگا لێکۆڵینەوەی نەکردووە لە هۆیەکانی سەلماندنی لە دایك بوونی داواکار لە شاری موصل هەمان شت سەبارەت براکەی ابوبکر کە بانگهێشتی لە دایك بوون و مردنی دەکات و داواکاریش هەمان ناوی هەڵگرتووە بە پێی بەڵگەنامەی لە دایك بوون کە قەوالەیەکی فەرمیە و تانەی لێ نادرێت مەگەر بە تەزویر نەبێت چونکە بەڵگەنامەیەکی رێکخراوە لە لایەن فەرمانبەری تایبەتمەند لە لایەکی ترەوە داواکار ئیدعای لە دایك بوونی خۆی و براکەی دەکات لە ساڵەکانی ١٩٨٩ و ١٩٩١ بەڵام ئەوەی چەسپاوە لە تۆماری ئەندامانی تری خێزانەکەیان دانیشتوی سلێمانی □ ڕانیە □ چوارقورنەن هەموو خوشك و براکانی لە رانیە لە دایك بوون هەروەها شاهیدەکانی سەلماندنیش خەلکی ڕانیەن دانیشتوی هەمان شارن کەچی باس لە شوێنی لە دایك بوون لە موسل دەکەن سەرەڕای ئەوەش لە بەڵگەنامەی کۆچ کردنی ( ا/ ب/ م/ ح/ ) هاتووە کە ناوبراو لە گوندی قەرەنی ئاغا □ لە رانیە مردووە ئەمەش یەکناگرێتەوە لەگەڵ شوێنی مردنی لە دایك بوونی خۆی برا کۆچکردووەکەی لە موسل بۆیە بڕیاردرا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانە لێدراو و گەڕاندنەوەی دۆسیەی داواکە بۆ دادگاکەی و دووبارە دادبینی کردنەوە و دەرکردنی بڕیاری یاسایی دروست لە ژێر ڕۆشنایی بۆ چوونەکانی سەرەوە و ناردنەوەی بڕیاری دادگا لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دادگایە بە مەبەستی ووردبینی پێداچوونەوە ئەم بڕیارەش بە زۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٣/٢/١٤ .

**ژمارە / ٢/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت ٢٠٢٣/٤/١٣**

لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٢٥ وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (٥٨٥١/ش/٢٠٢١) دادگای باری کەسێتی لە سلێمانی بڕیاری دەرکرد بە چەسپاندنی ڕێکەوتی وەفاتی ناوبراو (ش/ م/ م/) لە ڕێکەوتی (١٩٨٤/١٢/١) بەهۆکاری قەدەرو قەزا (نەخۆشی بووە) وە هەروەها چەسپاندنی رەچەڵەکی داواکار (ش/م/ م/) لە دژی تانە لەسەرکراوان / داوالێکراوان (م/ م/ع/) وە ( ق/ع/ م/ ) بە ڕێکەوتی (١٩٨٥/١/١) وە تۆمار بکرێت لە تیانووسی فەرمانگەی میری . وەلەبەر رازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بەم بڕیارە هەڵسا بە تانە لێدان بە ڕێگەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا بە پێی تیانووسی ژمارە (٢١٠٥/٣ لە ٢٠٢٢/١١/٢٩) وە پاش گەیشتنی تانەو دۆسیەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمارکرا و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار** / دوای ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی لە بەرژەوەندی یاسا لە لایەن سەرۆکی داواکاری گشتی پێشکەش کراوە سەبارەت بە بڕیاری دادگای بەرایی سلێمانی /٤ لە داوای ژمارە (٥٨٥١/ب/٢٠٢١) لە (٢٠٢٢/٧/٢٥) کە لەلایەن داواکار (ش/ م/ م/) تۆمار کراوە لەسەر داوالێکراوان هەریەك لە (م/ م/ ع/) و (ق/ ع/م/) دادگا بڕیاری داوە بە سەلماندنی مردنی (ش/ م/م/) لە دایك بووی (١٩٨١ /١/٧) لە بەرواری (١٩٨٤/١٢/١) و

چه سپاندنی ره چەڵەکی (ش/ م/ م/) له داوالێکراوان به ڕێکەوتی له دا یك بوون (١٩٨٥/١/١) سەرنج درا که بڕیارەکه ڕاست نی یه پێشیلی یاسایه چوونکه داواکار داوای چەسپاندنی رەچەلەکی دەکات ئەگەر سەلماندنی مردنی کەسێکی تر بۆ دەبوایه داواکه سەرەڕای مال تۆمار بکرا یه هەروەها داوا کار بانگەشەی ئەوه دەکات که (ش/) مردووه به مردنەکەی تۆمار نەکراوه که ئەو له دایك بووه ناوی ئەو لەسەر قەبری برا گەورەکەی ماوەتەوه داوای ڕاستکردنەوەی ڕێکەوتی له دایك بوونی دەکات بەڵام ئەوەی که چەسپاوه تۆماری بەڵگەی له دا یك بوون له لایەن فەرمانبەری تایبەتمەند له لایەنی فەرمی تۆمار کراوه ناکرێ تانەی لیێ بدرێت مەگەر به تەزویر نەبێت وه لەبەر ئەوەی تانەکه له ماوەی یاسایی تۆمار کراوه بۆیه پەسەند کرا و بڕیارەکەش ڕاست نی یه سەرپێچی یاسای تێدا کراوه بۆیه ئەم دادگایه بڕیاری دا به هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانه لێدراو گەرانەوەی دۆسیەکه بۆ دادگاکەی بەمەبەستی رەتکردنەوەی داوای داوا کار و پاش دەرکردنی بڕیار پێویستە لەسەر دادوەر بڕیاری حوکم لەگەڵ دۆسیەی داواکه رەوانەی ئەم دادگا یه بکات بەمەبەستی پێدا چوونەوه ئەم بڕیارەش به زۆرینەی دەنگ دەکرا له ٢٠٢٣/٤/١٣ .

**ژمارە / ٣/ دەستەی تانه لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت ٢٠٢٣/٤/١٣**

لەڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٢٣ وه له دۆسیەی داوای ژماره (٥٠٥/ش/٢٠٢١) داد گای باری کەسێتی له هەڵەبجه بڕیاری دەرکرد به چەسپاندنی ڕێکەوتی وه فاتی ناوبراو (ئ/ ك/ ج/) له ڕێکەوتی (١٩٩٤/١٠/١) بەهۆکاری (نەخۆشی) وه هەروەها به چەسپاندنی رەچەڵەکی داواکار/ تانه دژ لەسەرکراو له داواله سەرکراوانی هەریەك له دا یك و باوکی (ك/ج/ ا/) وه (ن/ ر/أ/) به بەرواری (١٩٩٥/١٢/٢٨) وه تۆمارکردنی له تیانوو سی فەرمیەکانی فەرمانگه . وەلەبەر رازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بەم بڕیاره هەڵسا به تانه لێدان بەڕێگای تانه لەبەرژەوەندی یا سا . بەپێ ی تیانوو سی ژماره (٢١٠٦/٣) له بەرواری (٢٠٢٢/١١/٢٩) وه پاش گەیشتنی دۆسیەو تانەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمارکرا و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار** / پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت که تانەی سەرۆکی داواکاری گشتی تایبەتە به بڕیاری دادگای باری کەسی هەڵەبجه له داوای ژماره (٥٠٥/ش/٢٠٢١) له (٢٠٢١/١٢/٢٣) که بڕیاری داوه به سەلماندنی کۆچی دوایی (ئ/ ك/ ج/) له ڕێکەوتی (١٩٩٤/١٠/١) هەروەها چەسپاندنی ڕەچەلەکی داوا کار (ئ/ ك/ج/) له داوالێکراوان و رۆژی له دایك بوونی له (١٩٩٥/١٢/٢٨) که گوایه ناوی داواکار لەسەر ناوی خوشکه مردووەکەی تۆمارکراوه بەڵام دوای سەرنج دان که دەرکەوت ڕاست نی یه پێشێلی یا سایه , چونکه داواکه لەسەر رکابەری راستەقینه تۆمار نەکراوه که بەرێوەبەری فەرمانگەی باری شارستانییەو له تۆماری باری شارستانی کۆچی دوایی تۆمارو ئاماژه پێکراو نییه سەرەڕای ئەوەش داواکار کەوتۆته هاودژی (تناقض) له بابەتی داواکه داوای ژماره (٣١٨/ب/٢٠١٣) له (٢٠١٣/٩/١) که خودی داواکار ناوی خرامان (ك/ ج/) بووه هەڵساوه به تۆمارکردنی داوای سەرەوه لەسەر بەرێوەبەری تۆماری باری شارستانی له سرۆچك که تێدا ناوی خۆی گۆڕیوه له (خ/) وه بۆ (ئ/) چونکه ئەو ئاسیناتەی ئەو باسی دەکات بوونی نەبووه له تۆمارەکان بەڵکو (خ/) تۆماربووه داواکاریش له داوای ناوبراو هیچ لاری نەبووه له رۆژی له دایك بوونی بۆیه بڕیار درا به قبول کردنی تانه له بەرژەوەندی یاساو هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانه لێدراوی سەرەوه گەڕانەوەی دۆسیەی داواکه بۆ دادگاکەی بەمەبەستی دادبینی کردنەوه له داواکه و رەتکردنەوەی داوای داواکار و پاش دەرکردنی بڕیار پێویسته لەسەر دادوەر بڕیاری حوکم لەگەڵ دۆسیەی داواکه رەوانەی ئەم دادگایه بکات بەمەبەستی پێداچوونەوه و ئەم بڕیارەش به زۆرینەی دەنگ دەکرا له ٢٠٢٣/٤/١٣ .

**ژماره / ٤/ دەستەی تانه لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ / بەروار ٢٠٢٣/٢/١٤**

لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/١١ وه له دۆسیەی داوای ژماره ١٩١/ش/٢٠٢٢ دادگای باری کەسیتی له سلێمانی بڕیاری دەرکرد به چەسپاندنی وەفاتی ناوبراو ( ك/ ا/ا/ ) له بەرواری ١٩٨٢/١٢/١٥ بەهۆکاری نەخۆشی وه هەروەها چەسپاندنی رەچەڵەکی داواکار / داوالێکراوی دژ لەسەر کراو هەریەك له داوالێکراوان( ا/ب/ ا/ ش/ ) وه ( ب/ ع/

ر/) كە لە دايك بوونى بەروارى ١٩٨٢/٦/١ وە تۆماركردنى و دياريكردنى لە تۆمارەكانى بنەرەتى فەرمانگە . وە لە بەر قا يل نەبوونى سەرۆكى داوا كارى گ شتى هەريم بەم برِ يارە هەڵسا بە تا نە ل يدان بە ريگاى تا نە لە بەرژەوە ندى يا سا بە پىٚ ى تيانوو سى ژ مارە ٣/٢١٤٠ لە ٢٠٢٢/١٢/٤ وە پاش گەي شتنى دۆ سيە و تانە كە تۆماركرا و دانرا بۆ ووردبينى و گفتوگۆ .

بڕيار / پاش وورد بينى و گفتوگۆ دەركەوت كە تا نەى پێشكەش كراو لە لا يەن سەرۆكى داوا كارى گشتى لە بڕيارى حوكمى دادگاى بارى كەسى سليمانى لە داواى ژمارە (١٩١/ش/٢٠٢٢) لەبڕيارى حوكمى داد گاى بارى كە سى سليمانى لە داواى ژ مارە (١٩١/ش/٢٠٢٢) لە بەروارى ٢٠٢٢/٨/١١ كە ت يدا داواى هەڵوە شاندنەوەى دە كات لە بەر ئەوەى بە پێچەوانەى يا سا دەر كراوە دواى سەرنجدان تێبينى كرا كە داد گا بڕ يارى داوە بە سەلماندنى وچەسپاندنى مردنى كەسيك بە ناوى ( ك/ ا/ أ/ ) لە ساڵى ١٩٨٢ وە سەلماندنى رەچەڵەكى داواكار ( ك/ ا/ ا/ ) لە هەردوو داوالێ كراوان هەريە كە لە ( ا/ ا/ ش/ و ب/ع/ ر/ ) بە هەمان ناو و بەڵام بە رۆژى لە دا يك بوونى لە ١٩٨٣/٦/١ و تێبينى كرا كە بڕيارەكە تانەى لىٚ نەدراوە و دادگا بڕيارەكەى دەركردووە بە پشت بە ستن بە دووشاهيد يەكێكيان لە دايك بووى ساڵى ١٩٦٨ ئەوى تر ١٩٦٩ كە لە بەروارى كۆچى دوا يى ئا ماژە پێكراو لەسەرەوە هەردووكيان هەرزەكاربوون لە لايەكى ترەوە دادگا هەڵنە ساوە بە داواكرد نى وێنەى تۆ مارى خێزا نى هەردوولاى داوا بۆ وە ستان لە سەر تۆ مار و بەڵگەنا مەى كە تۆمارە كان پ شتى پىٚ بە ستراوە هەروەها داوا كە تۆمارنەكراوە لەسەر پارە سەرەڕاى نەبەستانى بەڵگە نا مەى ناوبراو ( ك/) كە داوا كار . با سى لە دا يك بوون و مرد نى دە كات لە داوا كە كە لە لە تەندرو ستى سليمانى دەر چووە دە بوو ببە سترى بە داوا كەوە جگە لەوا نە شاهيدەكان باسيان لە كۆچى دوايى ( ك/) كردووە بىٚ ئەوەى ئەم مردنە پشت ڕاست كرابيتەوە لە لايەكى فەرمى وەك بنكەى پۆليس يان مخ تار ( ئەنجو مەنى گەرك ) ئەوا نەى سەرەوە ليكۆڵي نەوەى تەواوى لە سەر نەكراوە هەروەها داواكارى گشتى بانگهێشتى داواكە نەكراوە بۆيە سەرپيچى لە بڕيارەكە هەيە و ئەم دادگا يە بڕيارى دا بە هەڵوەشاندنەوەى بڕيارى تا نە ليدراو و گەڕاند نەوەى دۆ سيەكە بۆ دادگا كەى بەمەبە ستى دوو بارە داد بينى كرد نەوە لە ژێر ڕۆ شنايى بو چونەوەكانى سەرەوە و دەركرد نى بڕ يارى يا سايى پێويـ ست پا شان نارد نەوەى بڕيارى داد گا لە گەڵ دۆ سيەى داوا كە بۆ ئەم دادگا يە بە مەبە ستى وورد بينى پێدا چوونەوە ئەم بڕيارەش بە زۆرينەى دەنگ دەكرا لە ٢٠٢٣/٢/١٤ .

**ژمارە / ٥/ دەستەى تانە لەبەرژەوەندى ياسا / ٢٠٢٣ ڕێكەوت ٢٧/ ٢ /٢٠٢٣**

لەڕێكەوتى ٢٠١٩/١/٢٤ وە لە دۆ سيەى داواى ژمارە ٦٢/ش/٢٠١٩ داد گاى بارى كە سيتى لە خەبات بڕ يارى دەركرد بە چەسپاندنى رەچەلەكى هەريەك لە (ب/) و(ص/) كە لە كۆچ كردووى باوكيان (د/ م/ ع/) وە هەروەها دايك يان داوالێ كراو (ش/ أ/خ/ز/) بە تۆ ماركردنى لە ت يا نوو سى فەرماذ گەى پەيوە ندى دار . وە لە بەر قا يل نەبوونى سەرۆكى داواكارى گشتى هەريم بەم بريارە هەڵسا بە تانە ليدان بە ريگاى تانە لەبەر بەرژەوە ندى يا سا پاش گەيشتنى تانە و دۆسيەكە بۆ دادگاكەمان تۆمار كراوە دانرا بۆ ووردبينى و گفتوگۆ :-

**بڕيار** / پاش ووردبينى و گفتوگۆ دەركەوت كە تا نەى سەرۆكى داوا كارى گشتى تايبە تە بە بڕيارى داد گاى بارى كەسى خەبات بە ژمارە (٦٢/ش/٢٠١٩) لە (٢٠١٩/١/٢٤) و لەبەر ئەوەى تانە لە ماوەى يا سايى پێشكەش كراوە هيچ تانە يەكى لىٚ نەدراوە بۆ يە پە سەندە لە رووى شێوەوە وە دواى سەرنجدان لە بريارى تا نە ليدراو دەركەوت پابەندى ياسا نييە چونكە داواكاران لە داواكە دا داواى سەلماندنى ڕەچەلەكى خۆيان كردووە لە دا يك و باوكيان بەلأم داواكەيان تۆمار نەكردووە سەرەڕاى ماف يان پارە (**اضافة الى المال أو الحق**) جگە لەوەش دادگا لە بريارەكە يدا پشتى بەستووە بە گوفتارى شاهيدەكان بىٚ ئەوەى ليكۆلينەوەى زياتر بكات لە داواكە و ئەوەى لە ووتەى شاهيدەكان هاتووە ناكريت بكريت بەبنەما يەك بۆ برياردان بەڵكو دەبوا يە هەردوو داوا كارى ڕەوا نەى ليژنەى پزيشكى بكات بەمەبەستى وەستان لەسەر راستى تەمەنى هەردووكيان وە لە بەر ئەوەى ئەم دادگا يە لە زۆرينەى بريارەكانيدا سەقامگيرە (**مستقرة**) كە داواى سەلماندنى رەچەڵەك يان ذكۆلى كردن لىٚ ى دەبێت لەناو

( **ضمن**) ماف يان پارە تۆمار بكرێت بە پێچەوانەوە داواكە رەت دەكرێتەوە بۆیە ئەم دادگا یە بریاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانە لێدراو و گەڕاندنەوەی دۆسیەی داواكە بۆ دادگاكەی بەمەبەستی دووبارە داد بینی كردن و بڕیار دەرئەكات بە رەتكرد نەوەی داوای داوا كار لە رووی شێوەوە , لە ژێر رۆشنایی بۆ چوونەكانی سەرەوە پاشان دۆسیەی داواكە لە خۆیەوە (**تلقائ یاً**) رەوانەی ئەم دادگا یە بكا تەوە بە مەبە ستی وورد بینی پێداچوونەوە ئەم بڕیارەش بە زۆرینەی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٣/٢/٢٧ .

**ژمارە / ٦/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێكەوت / ١٣/ ٤/ ٢٠٢٣**

لەڕێكەوتی ٢٠١٩/٣/٢٥ وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (١٥٤/ش/٢٠١٩) دادگای باری كەسێتی لە خەبات بڕیاری دەركرد بە چە سپاندنی رە چەلەكی (س/) لە باوكی كۆچ كردووی (د/ م/ ع/) وە هەروەها داوالێكراوی دایكی (ش/أ/ خ/ ز/) بە تۆمار كردنی لە تیانووسی پەیوەندار . وە لەبەر رازی نەبوونی سەرۆكی داواكاری گشتی هەرێم بەم بڕیارە هەڵسا بە تانە لێدان بە رێگای تا نە لە بەرژەوە ندی یا سا بە پیێ ی تیانوو سی ژمارە (٣/٢٠٦٨) لە رێكەوتی (٢٠٢٢/١١/٢٣) پاش گەیشتنی دۆ سیە و تانە كەی بۆ دادگا كەمان تۆمار كراو دا نرا بۆ وورد بینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار** / پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەركەوت كە تانە لە بەرژەوەندی یاساكە لەلایەن سەرۆكی داوا كاری گشتی تۆ ماركراوە تایبە تە بە بڕ یاری حوكمی داد گای باری كە سی هەرێر لە داوای ژ مارە (١٥٤/ش/٢٠١٩) لە (٢٠١٩/٣/٢٥) كە لەلا یەن داوا كار (س/ د/ م/) تۆ ماركراوە لە سەر داوالێ كراو (ش/ أ/خ/) كە داوای سەلماندنی ڕەچەلەكی خۆی دەكات لە داوالێكراو كە دایكیەتی هەروەها باوكی كۆچ كردووی (د/ م/ ع/) دادگاش بە پیێ ی ناوەڕۆكی داوا نا مە بڕیاری دەركرد و تێبینی كرا كە بڕیارە كە ڕا ست نییە پێشێلی یا سایی كردووە چونكە داوای چەسپاندنی ڕەچەلەك لەسەر كەسی مردوو دەبێت سەرەڕای ماڵ تۆمار بكرێت هەرەوها ركابەری لە داواكە نییە چونكە تۆمار نەكراوە لەسەر میراتگرانی باوكی و داواكە تەنها لەسەر دایكەكە تۆمار كراوە هەروەها دە بوو داد گا لێكۆلی نەوە لە رەگەزنا مەی لایە نەكان بكات جگە لەوەش رە چەلەك لە رێ گەی (DNA) لێكۆلی نەوەی لێنەكراوە لە نێوان داوا كار و داوالێ كراو و براو خو شكەكانی جگە لەوەش بڕیارە كە زۆر پە لەی تێداكراوە لە هەمان رۆژ تۆماركراوە بڕیای تێدا دەركراوە سەرەڕای ئەوەش وێنەی تۆ ماری كۆپییە رێكەوتە كەی دەگەرێتەوە بۆ پێش تۆماركردنی داواكە بۆیە بڕیار درا بە پەسەندكردنی تانە لە بەرژەوەندی یاسا و ئەم دادگا یە بڕیاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانە لێدراو گەرانەوەی دۆسیەی داواكە بۆ دادگا كەی بەمەبە ستی دوو بارە داد بینی كردنەوە و ڕەتكردنەوەی داواكە و پاش دەركردنی بڕیار پێویستە لەسەر دادوەر بڕیاری حوكم لە گەڵ دۆ سیەی داوا كە ڕەوا نەی ئەم دادگا یە بكات بەمەبە ستی پێدا چوونەوە ئەم بڕ یارەش بە زۆری نەی دە نگ دەر كرا لە ٢٠٢٣/٤/١٣ .

**ژمارە / ٧/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێكەوت / ٢٧/ ٢/ ٢٠٢٣**

لەڕێكەوتی ٢٠١٩/١/٩ وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (١٩/ش/٢٠١٩) داد گای باری كە سێتی لە خەبات بڕیاری دەركرد بە پەسەندكردنی دەست لێك بەردانی دەرەكی (**الطلاق الخارجي**) كە رووی دا لە نێوان دژی داواكاری تانە لەسەر كراو / داوا كار (ج/ ا/ ف/) وە داوالێكراو (د/ ع/س/) لە بەرواری (٢٠١٩/١/٧) بە هەژمار كرد نی دە ست لێك بەردانی بە گەڕاندنەوە لەبەر ئەوەی كەوا بۆ یەكەم جار روویداوە وە لەبەر قایل نەبوونی سەرۆكی داوا كاری گشتی هەرێم بەم بڕیارە هەڵسا بە تانە لێدانی بە رێگەی تا نە لە بەرژەوە ندی یا سا بە پیێ ی تیانوو سی ژمارە (٣/٢٠٤١) لە (٢٠٢٢/١١/٢٣) پاش گەیشتنی تانە و دۆسیەكەی بۆ دادگاكەمان تۆمار كراو دانرا بۆ وورد بینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار** / پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانە لە بەرژەوەندی یاسا لەلایەن سەرۆکی داواکاری گشتی پێشکەش کراوە لەسەر بڕیاری دادگای باری کەسی خەبات بە ژمارە (١٩/ش/٢٠١٩) لە (٢٠١٩/١/٩) کە بڕیاری دەرکردووە بە ڕاستاندنی تەلاقی دەرەکی نێوان هەردوو هاوسەر (داواکار/ ج/ ا/ ف/) و داوا لەسەرکراو (د/ع/م/) دادگا تەلاقەکەی بە دەست لێبەردانی بە گەڕانەوەی (**طلاق رجعي**) بۆ یەکەم جار کە ڕووی داوە لە (٢٠١٩/١/٧) و سەرنج درا کە بڕیارەکە دروستە پابەندی حوکمەکانی شەرع و یاسایە چونکە تەلاقی خولعی پێویستە لەلایەن ژنەکەوە بەخش و وازهێنان هەبێت لە هەموو یان هەندێك لە مافە شەرعی و یاساییەکانی پیاوەکەش ئەمە قبولْ بکات و ڕاستە داوالێکراوی ئەم داوایە ووتویەتی وازی لە هەموو مافەکانی خۆی هێناوە بەلاّم لە ڕاستیدا سەرجەم مافە شەرعییەکانی لە داواکار وەرگرتووە کە ئەمەش بە تەلاقی خولعی هەژمار ناکرێت بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە ڕاستاندنی بڕیاری تانە لێدراو وە ڕەتکردنەوەی تانەی سەرۆکی داواکاری گشتی ئەم بڕیارەش بە زۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٣/٢/٢٧ .

**ژمارە / ٩/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت ٢٩/ ٣/ ٢٠٢٣**

لەڕێکەوتی (٢٠١٥/٧/١٥) وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (٨٠/ب/٢٠١٥) دادگای بەرایی هەریر بڕیاری داوە بە پابەند کردنی داوالێکراو (ع/ أ/ ع/) بە نەهێشتنی بەرهەڵستکاری لە دژی داواکراوی تانە لێدراو داواکار (م/خ/ م/) لە سوودی بەشێکی پارچە زەوی ژمارە (١/١سلف) کەرتی (٨٣) بولاق (براغ) وە پاذتایی (٥١) دونم دابەش کراوە لەسەر چەند پارچە زەویەکی ئاماژە پێکراوی سەرەوە بە پێ ی دیارکردنی لە دەربڕینی بڕیارەکە وە هەروەها دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەی تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی عیذکاوە بە تۆمارکردن و دیار کردنی مافی داواکاری لە موڵکی بابەتی داواکە وە لە بەر قایل نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بەم بڕیارە دەست پێ شخەربوو لە تانە لێدان لە بەرژەوەندی یاسا بە پێ ی تیانووسی ژمارە (١٠٤/٣ ) لە (٢٠٢٢/١/٢٧) داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە کە دەکات لە بەر ئەم هۆکارانەی سەرەوە کە دیاری کراوە . بڕیارە کە هەڵوە شاوەتەوە بە پێ ی بڕیاری دادگای پێدا چوونەوەی هەرێم بە ژمارە (٥/دەستەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا /٢٠٢٢) لە (٢٠٢٢/٥/١٧) وە پاش گەڕانەوەی دۆسیەی داواکە بۆ دادگای بەرایی هەریر وە دوو بارە وورد بینی بڕیار درا بە ژمارە (٨٠/ب/٢٠١٥) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١٢/٢٢) بە ڕەتکردنەوەی داواکەو ناردنی داوا بە شێوەی (تلقائی) وە ڕەوانەکردنی دۆسیەی داواکە بۆ دادگای پێداچوونەوە و پاش گەیشتنی دۆسیە و تانەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمارکرا و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار** / پاش ووردبینی و گفتوگۆ تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای بەرایی هەریر بە ژمارە (٨٠/ب/٢٠١٥) لە (٢٠٢٢/١٢/٢٢) دا لەگەڵ دۆسیەکە گەراوەتەوە بۆ ئەم دادگایە بە پێ ی یاسا بە شێوەی (تلقائی) بەمەبەستی ووردبینی کردنەوە تیای دا وە پەسەند کراو سەرنج درا کە بڕیاری ناوبراو ڕاستەو پابەندی یاسایە لەبەر ئەوەی دادگای ناوبراو پەیڕەوی بڕیاری هەڵوەشێنەری ئەم دادگایەی بە ژمارە (٥/دەستەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا/٢٠٢٢ ) لە (٢٠٢٢/٥/١٧) دا کردووە بۆیە بڕیار درا بە ڕاست سەلماندنی بڕیاری گەڕاوەو ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەر کرا لە ٢٠٢٣/٣/٢٩ .

**ژمارە / ١٠/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت ٢٩/ ٣/ ٢٠٢٣**

لەڕێکەوتی (٢٠٢١/٢/٢٢) وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (٧/ب/٢٠٢١) دادگای بەرایی کۆیە بڕیاری داوە بە ڕاستکردنەوەی لە دایك بوونی داواکار ( أ/ ح/ أ/ ح/ ) لە (١٩٧٨/٧/٧) بۆ ڕێکەوتی (١٩٧٤/٧/٧) وە پابەند کردنی داوالێکراو بەڕێوەبەری فەرمانگەی کارتی نیشتمان کۆیە سەرەڕای کارەکەی بە تۆمارکردنی لە تیانووسی فەرمانگەی پەیوەندار وە لەبەر قایل نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بە بڕیاری دیاری کراو دەست پێشخەر لە تانە لێدان لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێم لە ڕێگەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا بە پێ ی

نووسراوی رەوانەکراو داواکاری کرد بە هەڵوەشاندنەوەی لەبەر ئەم هۆکارانەی کە ناردراوە بۆ سەرۆکایەتی داواکاری گشتی پاش رەوانەکردنەوەی بۆ دادگا بەپێی ئەوکتابەی ئاماژەی پێکراوە بە هەڵوەشاندنەوەی حکمی دیاری کراو بە پێی بریاری دادگای پێداچوونەوەی ژمارە (٢٥/ دەستەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا /٢٠٢١) لە (٢٠٢١/١٢/٢٢) وە پاش گەرانەوەی دۆسیەی داوا کە بۆ دادگای بەرایی لە کۆیە وە ورد بینی دووبارە بڕیاردرا بە ژمارە (٧/ب/٢٠٢١) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٩/١٣) بە ڕەتکردنەوەی داواکە وە دوای ناردنی داوا بە شێوەی (تلقائی) وە رەوانەکردنەوەی بۆ دادگاکەمان وە پاش گەیشتنی تانە و دۆسیەکەی بۆ دادگای پێداچوونەوە تۆمارکرا و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار** / پاش ووردبینی و گفتوگۆ تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای بەرایی کۆیە بە ژمارە (٧/ب/٢٠٢١) لە (٢٠٢٢/٩/١٣) دا لەگەڵ دۆسیەکەی گەراوەتەوە بۆ دادگاکەمان بە شێوەی (تلقائی) بەمەبەستی ووردبینی کردنەوە تیای دا بە پێی یاسا وە پەسەند کراو سەرنج درا کە بڕیاری ناوبراو ڕاستەو پابەندی یاسایە لەبەر ئەوەی دادگای ناوبراو پەیرەوی بڕیاری هەڵوەشێنەری ئەم دادگایەی کردووە بە ژمارە (٢٥/تانە لە بەرژەوەندی یاسا ) لە (٢٠٢٢/١٢/٢٢) دا بۆیە بڕیار درا بە ڕاست سەلماندنی بڕیاری گەڕاوەو ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ ڕاگەیەنرا لە ٢٠٢٣/٣/٢٩ .

**ژمارە / ١١/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت ٢٩/ ٣ /٢٠٢٣**

لەڕێکەوتی (٢٠١٧/١١/٢٦) وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (١٢٦/ب/٢٠١٧) دادگای بەرایی هەڵەبجە بڕیاری دەرکرد بە پابەندبوونی داوا لەسەرکراو سەرۆکایەتی شارەوانی هەڵەبجە سەرەڕای کارەکەی بە پێدانی بڕە پارەی (١٢٥,٥٤٢,٥٠٠) ملیۆن دینار وەك کرێ ی هاوتا لە بەشی تانە لێکراو لە دژی داواکار (ر/أ/ ع/) لە پارچە زەوی ژمارە (٦٨١٩/٢) کەرتی ١ دەوروبەری هەڵەبجە وە لەبەر قایل نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بە بڕیاری دیاری کراو دەست پێشخەر لە تانە لێدان لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێم لە ڕێگەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا بە پێی نووسراوی رەوانەکراو بە ژمارە (٨٩٤) لە (٢٠١٩/٩/١٦) داواکاری کرد بە هەڵوەشاندنەوەی لەبەر ئەو هۆکارانەی کە ناردراوە بۆ سەرۆکایەتی داواکاری گشتی پاش رەوانەکردنەوەی بۆ دادگا بەپێی ئەو کتابەی ئاماژەپێکراوە هەڵوەشاندنەوەی حکم دیاری کراو بە پێی بریاری دادگای پێداچوونەوەی ژمارە (١٠/ دەستەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا /٢٠١٩) لە (٢٠١٩/٩/٢٩) وە پاش گەرانەوەی دۆسیەی داواکە بۆ دادگای بەرایی هەڵە بجە وە دوو بارە ورد بینی بڕیاردرا بە ژمارە (١٢٦/ب/٢٠١٧) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٩/٧) بە ڕەتکردنەوەی داواکە وە دوای ناردنی داوا بە شێوەی (تلقائی) ناردیەوە بۆ دادگای پێداچوونەوە وە پاش گەیشتنی دۆسیەو تانەکە بۆ دادگاکەمان تۆمارکرا و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار** / پاش ووردبینی و گفتوگۆ تێبینی کرا کە تانەی پێداچوونەوەی پێشکەش کراو لە لایەن سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە سەرەڕای کارەکەی لە بەرواری (٢٠٢٢/١٠/٥) لەسەر بڕیاری دادگای بەرایی هەڵەبجە ژمارە (١٢٦/ب/٢٠١٧) لە (٢٠٢٢/٩/٧) نێردرابوو بۆ دادگای پێداچوونەوە/دەستەی شارستانی / و ئەم دەستەیەش لەبەر ناتایبەتمەندی سەیرکردنی تانەکە بەبڕیاری ژمارە (٨٨١/الهيئە المدنية / ٢٠٢٢ ) لە (٢٠٢٢/١٢/١) دا هەواڵەی ئەم دەستەیەی کردووە بۆ سەیرکردنی بۆیە سەرنج درا کەتانەی پێشکەش کراو دەکەوێتە ماوەی یاسایی خۆیەوە هەرچەند بڕیاری دادگای هەڵەبجەی تانە لێدراو شیاوی پێداچوونەوەی (تلقائی) یە لە سەر ئەوە تانە کە پەسەند کرا لە رووی شێوەوە سەرنج درا کە دادگای هەڵەبجە بە بڕیارە تانە لێدراوەکەی پەیرەوی بڕیاری هەڵوەشێنەری ئەم دادگایەی نەکردووە کە ژمارە (١٠/**الطعن لمصلحة القانون**/٢٠١٩) لە (٢٠١٩/٩/٢٩) دا

دەر چووە  سووربوو (أ صرت) لە سەر بڕ یاری پێ شووی  خۆی وە  کریێ ی هاو تای  بۆ داوا کار بڕ یار داوە

ئەمە لە کاتێکدا دەبوو دادگای هەڵە بجە  پەیرەوی بڕیاری هەڵوە شێنەری  ئەم دادگا یە بکات  کە  بە  پیێ ی یا سا دەبێت پەیرەو بکرێت و تەنانەت دادگای  ناوبراو هۆکاری  پەیرەو  نەکردنی ئا شکرا  نەکردووە  لە بڕیارە کەی دا بۆ یە ڕێ نوێنی دادوەری دادگا کە دە کەین  بۆ  ئەو  کارە و گەراند نەوەی دۆ سیەکە  بۆ  ئەو دادگا یە بەمەبە ستی دادبینی کردنەوە تیای دا و دەرکردنەوەی بڕیار بە ڕەتکردنەوەی داوای داواکار لەبەر ئەو هۆکارا نەی  لە بڕیاری هەڵوەشێنەردا ئا شکرا کراوە وە هێشتنەوەی رە سمی پێدا چوونەوە  بۆ  ئەنجام و  ئەم بڕیارەش  بە  کۆی دە نگ دەر                                    کرا                                    لە ٢٠٢٣/٣/٢٩ .

**ژمارە / ١٢/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا  / ٢٠٢٣                                    ڕێکەوت ٢٩/ ٣ /٢٠٢٣**

لەڕێ کەوتی (٢٠٢١/٣/١) وە  لە دۆ سیەی داوای ژ مارە (١٥/ب/٢٠٢١) داد گای  بەرایی  لە کۆ یە بڕ یاری داوە  بە ڕا ست کرد نەوەی  لە دا یك  بوونی داوا کار (ش/ ص/ ر/)  لە (١٩٨٠/١٠/٢٨)  بۆ (١٩٧٩/١/١) وە پابە ندکردنی بەرێوە بەری فەرماندگەی  کارتی نیشتمانی کۆ یە  سەرەڕای کارە کەی  بە تۆ مارکردنی  لە تیانوو سی فەرماندگەی پەیوەندار . وە لە بەر قایل نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بەو بڕیارە دەست پێشخەربوو لە تانە لێدان لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێم لە ڕێگای تانە لە بەرژەوەندی یاسا بە پیێ ی نوو سراوی ڕەوا نە  کراو داوا کاری کرد بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیار لەبەر ئەم هۆکارانەی کە ناردراوە  بۆ  سەرۆکایەتی داوا کاری گ شتی  پاش ڕەوا نە کرد نەوەی  بۆ داد گا ئا ماژەی پێ کراوە  بە هەڵوە شاندنەوەی حک می د یاری  کراو  بە  پیێ ی بڕ یاری داد گای پێداچوونەوەی هەرێم بە ژمارە (٢٧/دەستەی تانە لە بەرژەوە ندی یا سا /٢٠٢١)  لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١٢/٢٢) وە  پاش گەڕا نەوەی دۆ سیەی داوا کە  بۆ داد گای  بەرایی  لە کۆ یە  وە دوو بارە وورد بینی بڕ یار درا  بە ژ مارە (١٥/ب/٢٠٢١) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١٠/١١) بە ڕەتکردنەوەی داواکە وە دوای ناردنی داوا بە شێوەی (تلقائی) وە ڕەوانەکردنی دۆسیەی داوا کە  بۆ داد گای پێدا چوونەوە  وە  پاش گەیشتنی دۆ سیە و تانە کەی  بۆ دادگا کەمان تۆمارکرا  و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار** / پاش ووردبینی و گفتوگۆ تێبینی کرا کە بڕیاری داد گای بەرایی  لە کۆیە  بە ژمارە (١٥/ب/٢٠٢١) لە (٢٠٢٢/١٠/١١) دا لە گەڵ دۆ سیەکەی گەراوە تەوە  بۆ  ئەم دادگا یە  بە  شێوەی (تلقائی) بەمەبە ستی وورد بینی کردنەوە تیای دا بە پیێ ی یاسا و پەسەند کرا وە سەرنج درا کە بڕیاری  ناوبراو ڕا ستەو پابە ندی یا سایە لە بەر ئەوەی  پەیرەوی بڕ یاری  هەڵوە شێنەری  ئەم دادگا یەی  کردووە  بە ژ مارە (٢٧/دە ستەی تا نە  لە بەرژەوە ندی یاسا/٢٠٢١ ) لە (٢٠٢١/١٢/٢٢) دا, بۆیە بڕیار درا بە ڕاست سەلماندنی و ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ ڕاگە یەنرا لە ٢٠٢٣/٣/٢٩ .

**ژمارە / ١٤/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا  / ٢٠٢٣                                    ڕێکەوت   ٢/ ٥ /٢٠٢٣**

لەڕێ کەوتی (٢٠٢٢/١/١١) وە  لە دۆ سیەی داوای ژ مارە (١/اعترا ضیة/ب/٢٠٢١) داد گای  بەرایی ڕا نیە بڕ یاری دەرکرد  بە ڕا ست کرد نەوەی  کە  هاتووە  لە تیانوو سی پ شکنینی ژ مارە (٥٥)  لە  بەرواری (٢٠١٩/١٠/٣١)  لە لێژ نەی کوژاند  نەوەی یە کەم  لە بەرێوەبەرا یەتی گ شتی ک شتوکاڵ  لە  سلێمانی دەر بارەی گەرا نەوەی هەڵسەنگاندنی نرخی پارچە زەوی بە ژمارە (٤١/٩/ك١ رانیە) کە خاوەنداریەتی دەگەڕێتەوە بۆ داواکاری تا نە دژ

لەسەرکراو . وە پارچە زەوی قەرەبووکراو کە خاوەنداریەتیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی ڕانیە کە تیا یدا هاتووە نارازی لە سەرکراو / سەرۆکی شارەوانی ڕانیە / سەرەڕای کارەکەی بڕی پارەی (٦٣,٩٢٤,٤٦٠) ملیۆن دینار وەکو جیاوازی نرخی لە بەرژەوەندی داوالێکراوی تانە دژ لە سەرکراو (نارازیکار) وە لە بەر ڕازی نەبوونی سەرۆکی داوا کاری گشتی هەرێم بەم بڕیارە هەڵسا بە تانە لێدان بە ڕێگای تانە لە بەرژەوەندی یاسا بە پیٚ ی تیانووسی ژمارە (٣٢٠/٣) لە بەرواری (٢٠٢٣/٢/١٣) وە پاش گەیشتنی دۆسیەو تانەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمارکراو دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار** / پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی سەرۆکی داوا کاری گشتی تایبە تە بە بڕیاری دادگای بەرایی ڕانیە بە ژمارە (١/نارازی/٢٠٢١) لە (٢٠٢٢/١/١١) و تێبینی کرا کە نارازیکار (ئ/ ع/ ر/) پێشتر نارازی بووە لەسەر بڕیاری کوژانەوەی موڵکی بابەتی نارەزایی بە ژمارە (٤١/٩کەرتی١/ڕانیە) نارازییەکەی تۆمارکرا بە ژمارە (٢/نارازی/٢٠١٩) دوای پەسەندکردنی نارەزاییەکەی لە رووی شێوەوە لە بەرواری (٢٠٢٠/٢/١٠) دادگای بەرایی بڕیاری دا بە پابەندکردنی سەرۆکایەتی شارەوانی ڕانیە بە دانی بڕی پارەی (٦٢٠٧٩٩٤٠) شەست و دوو ملیۆن و حەفتاو نۆ هەزارو ٩٤٠دینار بۆ نارازیکار بڕیارەکەش پلەی کۆتایی وەرگرتووە بە پیٚ ی بڕیاری دادگای پێداچوونەوەی سلێمانی بەخەسڵەتی پێداچوونەوە بە ژمارە (٢٠٠/پ/٢٠٢٠) لە (٢٠٢٠/١٠/٤) پاشان نارازیکار هەڵسا بە پێشکەش کردنی نارەزاییەکی تر لەبەردەم هەمان دادگا و لە سەر هەمان بڕیاری کوژانەوە و نارەزاییەکەی تۆمارکرا بە ژمارە (١/نارازی/٢٠٢١) و دادگای ناوبراو لە رۆژی (٢٠٢١/١/١١) بڕیاری دەرکردووە بە پەسەندکردنی نارەزاییەکەو پابەندکردنی سەرۆکی شارەوانی ڕانیە سەرەڕای فەرمانبەرێتی بە دانی بڕی پارەی (٦٣,٩٢٤,٤٦٠) شەست و سێ ملیۆن و نۆ سەدو بیست و چوار هەزارو ٤٦٠ دینار و هیچ تانەیەك لە بڕیارەکە نەدراوە بەڵام ناکرێت دووجار نارەزایی بکرێت لە سەر هەمان بڕیاری کوژانەوە لە جارێك زیاتر بۆیە بڕیاری تانە لێدراو ناڕاستەو پێشێڵی یاسایە بە فیڕۆدانی ماڵی گشتیە , بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پەسەندکردنی

تانەی پێشکەش کراو هەڵوەشانەوەی بڕیاری تانە لێدراو بە ژمارە (١/نارازی/٢٠٢١) لە ٢٠٢٢/١/١١ ناردنەوەی دۆسیەی داواکە بۆ دادگاکەی بەمەبەستی دادبینی کردنەوە لە داواکە بە ڕەچاوکردنی بۆچوونەکانی سەرەوەو بەرپەرچدانەوەی نارازییەکە و پێویستە لەسەر دادگا بە ڕەوانەکردنی ئەو بڕیارەی دەری دەکات بۆ ئەم دەستەیە بەمەبەستی پێداچوونەوە (تلقائیا) ئەم بڕیارەش بە زۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٣/٥/٢ .

**ژمارە / ١٧/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت ٢٩/ ٣/ ٢٠٢٣**

لەڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/٢٣ وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (٧١/ب/٢٠٢١) دادگای بەرایی شەقلاوە بڕیاری دەرکرد بە پابەندکردنی داوالێکراو/ بەرێوەبەری فەرمانگەی کارتی نیشتمانی لە باسرمە/ سەرەڕای کارەکەی بە تۆمار کردن و ڕاست کردنەوەی ڕێکەوتی لە دایك بوونی داواکار تانەی دژ لە سەرکراو (ن/ م/ ح/) لە (١٩٨٣/٣/٢) بۆ (١٩٨٤/٥/٢٦) وەلەبەر ڕازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بەبڕیاری دیاری کراو دەست پێشخەر لە تانە لێدان لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێم لە ڕێگەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا بە پیٚ ی نووسراوی ڕەوانە کراو بە ژمارە (٥٠٣/٣ لە ٢٠٢٢/٤/٢٤) داوا کاری کرد بە هەڵوە شاندنەوەی لە بەر ئەو هۆکارانەی کە ناردراوە بۆ سەرۆکایەتی داوا کاری گشتی پاش ڕەوانەکرد نەوەی بۆ داد گا بە پیٚ ی ئەو کتا بەی ئا ماژەی پێکراوە بە هەڵوە شاندنەوەی حکمی دیاری کراو بە پیٚ ی بڕیاری داد گای پێدا چوونەوەی ژمارە (١١/دە ستەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا/٢٠٢٢) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٧/٤) وە پاش گەڕاندنەوەی دۆسیەی داواکە بۆ دادگای بەرایی شەقلاوە وە دووبارە ووردبینی بڕیار درا بە ژمارە (٧١/ب/٢٠٢١) لە (٢٠٢٢/١١/٣٠) بە ڕەتکردنەوەی داواکەو

خستنە ئەستۆی داواکار بە تێچوونی داوا وە پەیرەوکردنی بڕیاری دادگای پێدا چوونەوەی هەرێم . وە دوای ناردنی داوا بە شێوەی (تلقائی) بۆ دادگای پێدا چوونەوە وە پاش گەیشتنی دۆسیەو تانەکەی بۆ دادگا کەمان تۆمار کراو دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار** / پاش ووردبینی و گفتوگۆ تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای بەرایی شەقلاوە بە ژمارە (٧١/ب/٢٠٢١) لە (٢٠٢٢/١١/٣٠) دا لەگەڵ دۆسیەکەی گەڕاوەتەوە بۆ ئەم دادگا یە بە شێوەی (تلقائی) بەمەبەستی وورد بینی کردنەوە تیای دا بە پێ ی یاسا و پەسەندکرا سەرنج درا کە بڕیاری ناوبراو ڕاستەو پابەندی یاسایە لەبەرئەوەی داد گای ناوبراو پەڕەوی بڕ یاری هەڵوە شێنەوەی ئەم دادگا یەی کردووە بە ژ مارە (١١/دە ستەی تا نە لە بەرژەوە ندی یا سا /٢٠٢٢) لە (٢٠٢٢/٧/٤) دا بۆ یە ڕا ست سەلمێنرا و ئەم بڕیارەش بە ئا شکرا ڕاگە یەنرا بە زۆرینەی دەنگ لە ٢٠٢٣/٣/٢٩ .

**ژمارە / ١٨/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت ٢٥/ ٤/ ٢٠٢٣**

لەڕێکەوتی (٢٠٢١/٤/٢٦) وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (١٩٧/ب/٢٠٢٠) دادگای بەرایی لە سۆران بڕیاری دەرکرد بە ڕا ستکردنەوەی ڕێکەوتی لە دا یك بوونی لە دژی داوا کاری تا نە لە سەری ( و/ م/ م/ ) لە (١٩٧٥/١/١) بۆ ڕێکەوتی (١٩٧٩/١/١٧) وە تۆمارکردنی لە تۆمارەکانی بەڕێوەبەرایەتی کارتی نیشتمانی لە دیانا. وەلە بەر رازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بە بڕیاری دیاری کراو دە ست پێشخەر بوو لە تا نە لێدان لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێم لە ڕێگەی تا نە لە بەرژەوە ندی یا سا داوای هەڵوە شاندنەوەی بڕیارە کە دە کات لە بەر ئەم هۆکارانەی کە ناردراوە بۆ سەرۆکایەتی داواکاری گشتی پاش ڕەوانەکرد نەوەی بۆ داد گا بە پێ ی ئەم کتا بەی ئاماژەی پێکراوە هەڵوە شاندنەوەی حوکمی دیاری کراو بە پێ ی بریاری دادگای پێدا چوونەوەی ژمارە (٢٢/ دەستەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا /٢٠٢١) لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١٢/٢٢) وە پاش گەڕانەوەی دۆسیەی داوا کە بۆ دادگای بەرایی سۆران وە ووردبینی دووبارە بڕیاردرا بە ژمارە (١٩٧/ب/٢٠٢١) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١١/١٤) بە ڕەتکردنەوەی داواکە وە دوای ڕەوانەکردنەوەی داوا بە شێوەی (تلقائی) نارد یەوە بۆ داد گای پێدا چووەنەوە وە پاش گەیشتنی تانە ودۆسیەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمارکرا ودانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار** / پاش وورد بینی و گفتوگۆ تێبینی کرا کە بڕیاری دەرچوو لە دادگای بەرایی سۆران لە بەرواری (٢٠٢٢/١١/١٤) شیاوی پێدا چوونەوەی (تلقائی) بە پە سەند کراو سەرنج درا کە ئەو بڕیارە بە ڕەتکرد نەوەی داوای داواکاری داواکە پاش پەیرەوی کردنی بڕیاری هەڵوەشێنەری ئەم دادگایەی ژمارە (٢٢/ دە ستەی تا نە لە بەرژەوەندی یاسا/٢٠٢١ ) لە (٢٠٢١/١٢/٢٢) دا دەرچووە , بۆیە بڕیار درا بە ڕاستاندنی و ئەم بڕیارەش بە کۆی دە نگ دەر کرا لە ٢٠٢٣/٤/٢٥ .

**ژمارە / ١٩/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت ٢٥/ ٤/ ٢٠٢٣**

لەڕێ کەوتی (٢٠٢٢/١٢/٢٠) وە لە دۆ سیەی داوای ژ مارە (٤٢٩/ش/٢٠٢٢) داد گای باری کە سێتی لە سۆران بڕیاری دەرکرد بە بینینی داواکاری تانە دژ لەسەرکراو / داواکار ( ژ/ ص/ب/) بۆ هەریەك لە منداڵە ناکامەکانی ( ص/ لە دایك بووی ٢٠٢٠/٥/٥) وە (گ/ لە دایك بووی ٢٠٢٢/٩/٩) منداڵانی م/ ع/ ر/ مانگی دوو جار بۆ ماوەی (٢٤) بیست و چوار کاتژمێر لای بمێننەوە . وە ڕادەست کردن و گەڕاندنەوەی منداڵەکان لە بەڕێوەبەرایەتی جێ بە جێ کرد نی هەولێر وە لە بەر رازی نەبوونی سەرۆکی داوا کاری گ شتی هەرێم بەو بڕیارەی داد گای باری کەسێتی لە سۆران هەڵسا بە تانە لێدان بە ڕێگای تانە لە بەرژەوەندی یاسا بە پێ ی تیانووسی ژمارە (٥٣٣/٣ ) لە (٢٠٢٣/٣/١٩) وە پاش گەیـ شتنی تا نە و دۆ سیەکەی بۆ دادگا کەمان تۆ مارکرا و دا نرا بۆ وورد بینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار** / پاش ووردبینی و گفتوگۆ پەسەندکردنی تانەی پێشکەش کراو لە بەرژەوەندی یاسا لە رووی شێوەوە چونکە دەکەوێتە ماوەی یاسایی خۆیەوە و تێبینی کرا کە بڕیاری تانە لێدراو ڕاستەو پابەندی یاسایە و هەڵگری پێشێلکاری یاسایی نی یە بە پیٚ ی مادەی (٣٠) لە یاسای داواکاری گشتی لەبەر ئەوەی دادگا سەیری بڕیاری تەلاقی نێوان هەردوولای کردووە و پشتی بەستووە بە ڕاپۆرتی پزیشکی و توێژەری کۆمەلأیەتی و لێکۆلینەوەی پێویستی کردووە تا گەیشتۆتە ئەنجامی بڕیاری دانە لە داوای بینینی (**مشاهدة**) ی منداڵ بۆیە بڕیار درا بە رەتکردنەوەی تانە لە بەژەوەندی یاسا ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٣/٤/٢٥

**ژمارە / ٢٠/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت / ٢٥/ ٤ /٢٠٢٣**

لەڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/٢٥ وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (٢/ب/٢٠٢١) دادگای بەرایی لە سمێل بڕیاری دەرکرد بە رەتکرد نەوەی داوای داوا کار ( وەز یری ..... / سەرەڕای کارە کەی ) لە بەر نەبوونی دژە بەری ( عدم تو جه الخ صومه) بەرام بەر داوالێ کراوی تا نە دژ لە سەرکراوی دووەم/ داوالێ کراوی دووەم وە رەتکرد نەوەی داوا بەرامبەر داوالێکراوی تانە دژ لەسەرکراوی یەکەم / داوالێکراوی یە کەم لە بەر نەبوونی پاڵپشتی لە یا سادا . وە لەبەر رازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بە بڕیاری دادگای بەرایی لە سمێل هەڵسا بە تا نە لێدانی بە ڕێگای تا نە لە بەرژەوە ندی یا سا بە پیٚ ی تیانوو سی ژمارە (٥٢٦/٣) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٣/١٦) وە پاش گەیشتنی تانە و دۆسیەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمار کراو دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار** / پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی سەرۆکی داواکاری گشتی لە بەرژەوە ندی یا سا تایبە تە بە بڕیاری دادگای بەرایی سمێل بە ژمارە (٢/ب/٢٠٢١) لە (٢٠٢١/٨/٢٥) و سەرنج درا کە بڕیارە کە ناڕا ستە و پێشێڵی یاسایە چونکە دادگا بڕیاری دەرکردووە بە رەتکردنەوەی داواکە بەلأم بە پیٚ ی کۆنووسی پشکنینی کە ئەنجام دراوە لەلا یەن داد گاوە لە سەر پار چە زەوی ژ مارە (١/٢٧٤٩م١٢سمێل) چە سپێنراو کە کارگە یەکی شیرنەمەنی لە سەر موڵکە کە درو ست کراوە خاوەندارێە کەی دەگەڕێ تەوە بۆ داوالێ کراوان کە بە ستراون بە گرێبەستێك لەگەڵ وەزارەتی پیشە سازی کە واژوو کراوە لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/٩/١٧) ئەوەی کە سەلماوە پار چە زەوییەکە دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی پیشە سازی دەورو تە سلیم کراوە بە پیٚ ی کۆنوو سی وەرگرتن لە بەرواری (٢٠٠٩/١٠/١٩) کە هاوپێ چی داواکە یە بەلأم لە بەر سەرپێ چی داوالێ کراوان بە بە ندەکانی گرێبە ستەکە هەڵوە شاوەتەوە لە (٢٠٠٩/٥/٢٧) هەروەها سەلماوەکە داوالێ کراوان تەنها کر ێی یەك ساڵیان داوە لە (٢٠٠٩/٩/١٧) هیچ کرێیەکی تریان نەداوە تا بەرواری (٢٠١٩/٥/٢٧) کە بەرواری هەڵوەشانەوەی گرێبەستەکەیە و پار چە زەویە کەو کارگە کە ڕادە ستی داوا کار نەکراوە تەوە بۆ یە دوای ئەوماوە یە داوا کار مافی کرێی هاو تای دەکەوێت , بۆیە بڕیار درا بە قەبووڵ کردنی تانە لە بەرژەوە ندی یا سا و هەڵسانی تێهەڵچووکار بە پێش کەش کردنی تانەی تێهەڵچوونەوە لە دەرەوەی ماوەی یاسایی جیٚ ی پرسیارەو دادگای پێداچوونەوەش قسەی خۆی تێدا نەکردووە بڕیار درا بە هەڵوە شاندنەوەی بڕیاری تا نە لێدراو گەرا نەوەی داوا کە بۆ دادگا کەی بەمەبە ستی دادبینی کردنەوە بە رە چاوکردنی بۆچوونەکانی سەرەوە بڕیاردان بە پیٚ ی داوانامە کە (الحکم و فق ا ستدعاء الدعوی) پاش درەکردنی بڕیار ناردنەوەی بۆ ئەم داد گا (تلقائیاً) بەمەبە ستی پێدا چوونەوەو ئەم بڕیارەش بە زۆرێ نەی دە نگ دەر کرا لە ٢٠٢٣/٤/٢٥ .

**ژمارە / ٢٣/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت / ٢٠/ ٦ /٢٠٢٣**

لەڕێکەوتی ٢٠٢٣/٤/١٢ وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (٣/ش/٢٠٢٢) دادگای باری کە سێتی لە قوشتەپە بڕیاری دەرکرد بە چەسپاندنی ڕەچەڵەکی برای داوالێکراو دژ لە سەری کریم کە لە دایك بووی (١٩٥٨/٧/١) کەلە باوکی

کۆچ کردووی (أ/ ع/ أ/) وە هەروەها لە دایکی کۆچ کردووی (ج/ م/ م/) بە تۆمارکردنی لە تۆمارەکانی بنەڕەتی لەبەر قایل نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بە بڕیاری دیاری کرا . دەستپێشخەربوو لە تانە لێدان لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێم لە ڕێگەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا بە پێ ی نووسراوی ڕەوانە کراو بە ژمارە (١١٢/٣/ لە ٢٠٢٣/١/١٥) داواکاری کرد بە هەڵوەشاندنەوەی لەبەر ئەو هۆکارانەی کە ناردراوە بۆ سەرۆکایەتی داواکاری گشتی هەرێم . پاش ڕەوانەکردنەوەی بۆ دادگا بە پێ ی ئەو کتابەی ئا ماژەی پێکراوە هەڵوەشانەوەی بڕیاری دیار کراو بە پێ ی بڕیاری دادگای پێداچوونەوەی ژمارە (١٣/دەستەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا/٢٠٢٣) لە (٢٠٢٣/٢/٢٧) وە پاش گەرا نەوەی دۆسیەی داوا کە بۆ دادگای باری کەسێتی لە قوشتەپە وە وورد بینی دووبارە بڕیار درا بە ژمارە (٣/ش/٢٠٢٢) لە بەرواری (٢٠٢٣/٤/١٢) بە ڕەتکردنەوی داواکەو ناردنی داوا بە شێوەی (تلقائی) بۆ دادگای پێداچوونەوە . وە پاش گەیشتنی دۆسیەو تانەکەی و بۆ دادگاکەمان تۆمارکراو دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار** / پاش ووردبینی و گفتوگۆ سەرنج دراکە بڕیاری دادگای باری کەسی لە قوشتەپە بە ژمارە (٣/ش/٢٠٢٢) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٤/١٢) بە ڕەتکردنەوەی داوای داواکار لە رووی شێوەوە بڕیارێکی ڕاستەو پابەندی یاسایە وە دادگا پەیرەوی بڕیاری ئەم دەستەیەی کردووە بە ژمارە (١٣/دەستەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا/٢٠٢٣) لە (٢٠٢٣/٢/٢٧) بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە ڕاستاندنی بڕیارەکە و گەڕانەوەی دۆسیەی داواکە بۆ دادگاکەی ئەم بڕیارەش بە کۆرا دەرکرا لە ٢٠٢٣/٦/٢٠

**ژمارە / ٢٤/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت ١٤/ ٩ /٢٠٢٣**

لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/١ وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (١٧٩٣/ب٦/٢٠٢٢) دادگای بەرایی هەولێر بڕیاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ناڕازی لەسەرکراوی یەکەم - بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان - سەرەڕای کارەکەی بە نووسراویان ژمارە (٦٨٧٦)لە(٢٠٢٢/٦/١٤) بڕیاری دا بە پەسەندکردنی کۆنووسی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی کۆمپانیاکانی دلتاسمنت بۆ بەرهەم هێنانی چیمەنتۆ سنووردار بە ژمارە (٣٤١)لە(٢٠٢٢/٦/٧) وە ڕاگرتنی هەموو ڕێکارەکانی یاسایی لەسەر کۆمپانیا لە کاتێکدا کۆبوونەوەی دەستەی گشتی تایبەتە بە گۆڕینی بەڕێوەبەری ڕێگە پێدراوی کۆمپانیا لە (ئ/ ر/ ع/) بۆ (م/ ج/ ك/) وە لەبەر ڕازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بە بڕیاری دادگای بەرایی هەولێر هەڵسا بە تانە لێدان بە ڕێگای تانە لە بەرژەوەندی یاسا بە پێ ی تیانووسی ژمارە (٩٤٦/٣) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٥/٢٤) وە پاش گەیشتنی تانە و دۆسیەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمارکراو دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار**/ پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانە لەبەرژەوەندی یاسا کە لەلایەن بەڕێز سەرۆکی داواکاری گشتی پێشکەش کراوە پەیوەستە بە بڕیاری دادگای بەرایی هەولێر بە ژمارە (١٧٩٣/ب٦/٢٠٢٢) لە (٢٠٢٢/٩/١) بەڵام دەرکەوت کە بڕیارەکە تانەی لێدراوە لەبەردەم دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە خەسڵەتی پێداچوونەوە و بەبڕیاری ژمارە (١٤٠پێداچوونەوە /٢٠٢٢) لە (٢٠٢٢/٩/٢١) بە ڕەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە کە لەلایەن جێگری داواکاری گشتی و لایەنی پەیوەندی دار پێشکەش کرابوو لە رووی شێوەوە بۆیە تانەی پێشکەش کراو مەرجەکانی تانە لە بەرژەوەندی یاسای تێدا وونە بەپێی بەشی کۆتایی لە بڕگەی دووەم - أ لە ماددەی ٣٠ لە یاسای داواکاری گشتی ژمارە (١٥٩ی ساڵی ١٩٧٢) هەموارکراو بۆ ئەم دادگایە بڕیاری دا بە ڕەتکردنەوەی تانەکە لە رووی شێوەوە ئەم بڕیارەش بە کۆرا دەرکرا لە ٢٠٢٣/٩/١٤

**ژمارە / ٢٥/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت / ١٤/ ٩ /٢٠٢٣**

لەڕێکەوتی ٢٠٠٥/١١/١٣ وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (٢٠٠٥/١٣٤٣) دادگای باری شارستانی لە هەولێر بڕیاری دەرکرد بە ڕاست کردنەوەی ڕێکەوتی لە دایك بوونی کوڕی تانە دژ لەسەرکراو داواکار (م/ ح/ چ/) بکرێت

به ڕێکەوتی (١٩٩٠/٣/٢٥) لە جیاتی (١٩٨٩/٣/٢٥) وە دەست نیشان بکرێت لە تۆمارەکانی بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی باری شارستانی لە هەولێر . سەرەڕای کارەکەی کە تایبەتە بە داوالێکراو وەلەبەر ڕازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بە بڕیاری دادگای باری شارستانی لە هەولێر . هەڵسا بە تانە لێدان بە ڕێگای تانە لە بەرژەوەندی یاسا بە پێ ی تیانووسی ژمارە (٧٣٩/٣ لە /٢٠٢٣/٤/٢٦) وە پاش گەیشتنی تانەو دۆسیەکە بۆدادگاکەمان تۆمارکراو دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار** /پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت  کە تانەی پێشکەش کراو لەلایەن بەڕێز سەرۆکی داواکاری گشتی پەیوەستە بە بڕیاری دادگای باری شارستانی هەولێر بە ژمارە (١٣٤٣/ب/٢٠٠٥) لە (٢٠٠٥/١١/١٣) کە بڕیاری دەرکردووە بە ڕاست کردنەوەی بەرواری لەدایك بوونی پێداچوو لەسەر (م/ ح/ چ/) بۆ (١٩٩٠/٣/٢٥) لە بڕی (١٩٨٩/٣/٢٥) لەبەر ئەوەی تانەکە لە دەرەوەی یاسایی پێشکەش کراوە لە (٢٠٢٣/٩/٢٦) وە بەپێ ی مادەی (٣٠/دووەم/ب) لە یاسای داواکاری گشتی ژمارە (١٥٩ی ساڵی ١٩٧٩ی) هەموارکراو ناکرێت تانە لە بەرژەوەندی یاسا بدرێت بە پێی (أ) لە هەمان برگە ئەگەر هاتوو سێ ساڵ پتر تێپەڕبوو لە دەرچوونی بڕیاری تانە لێدراو بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە ڕەتکردنەوەی تانەکە لە رووی شێوەوە ( شکلا) ئەم بڕیارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/٩/١٤ .

**ژمارە / ٢٦/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت ١٤/ ٩ /٢٠٢٣**

لەڕێکەوتی ٢٠٠٨/٥/٦ وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (١٣٦/ب /٢٠٠٨) دادگای بەرایی لە سۆران بڕیاری دەرکردووە  بە ڕاست کردنەوەی هەریەك لە ناوەکانی باوکی و باپیر دایکی داواکار تانە دژ لەسەرکراو لە (ح/) بۆ (ح/ ع/) و بکرێت بە ناوی (آ/ ح/ ع/) وە تۆمار بکرێت لە تۆمارەکانی فەرمانگەی پەیوەندار وەلەبەر رازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بەبڕیاری دادگایی بەرایی لە سۆران هەڵسا بە تانە لێدان بە ڕێگای تانە لە بەرژەوەندی یاسا بە پێ ی تیانووسی ژمارە (١٣٣٨/٣) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٧/١١) وە پاش گەیشتنی تانە و دۆسیەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمارکراو دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار** / پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت  کە تانە لەبەرژەوەندی یاسا پەیوەستە بە بڕیاری دادگای بەرایی سۆران بە ژمارە (١٣٦/ب/٢٠٠٨) لە (٢٠٠٨/٥/٦) ئاماژە پێکراو دوای سەرنج دان لە بڕیارەکە تێبینی کرا بڕیارەکە لە نێوچووە (قرار معدوم) و پێشێلی یاسایی کردووە چونکە داواکار لە داواکەیدا داوای گۆڕینی ناوی باپیری دەکات نەك ڕاستکردنەوەی ئەمەش بە هیچ شێوەیەك ناکرێت بە پێ ی یاسا سەرەڕای ئەوەش بڕیارەکە کلێشەیەو نەنوسراوەتەوە بە پێ ی مەرجەکانی یاسایی دادبینی شارستانی هەروەها دادوەری دادگای بەرایی واژووی نەکردووە لەسەر کۆنووسی دادبینی کە تێدا کۆتایی بە دادبینی هێنراوە و بڕیارەکە بە ئاشکرا ڕاگەیەنراوە وە لەبەر ئەوەی مەحەلی داواکە لە نێو چووە (معدوم) هەموو ڕێکارەکانیش بە لەنێو چوو دەژمێرێت بڕیاری لەنێو چووپارێز بەندی نییە بە کۆتایی ماوەی تانە لەسەر دەقی پلەی بنبڕ وەرناگرێت و بۆیە ئەم دادگایە بە تانەکەی وەرگرت و بڕیاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانە لێدراو ناردنەوەی داواکە بۆ دادگاکەی بەمەبەستی بڕیاردان بە ڕەتکردنەوەی داواکە بڕیارەکەش ڕەوانەی ئەم دادگایە بکرێتەوە لە خۆیەوە (تلقائیا) ئەم بڕیارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/٩/١٤ .

**ژمارە / ٢٧/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت ١٤/ ٩ /٢٠٢٣**

لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٢٦ دادوەری دادگای باری کەسێتی لە سلێمانی بڕیاری دەرکرد بە داوای داواکاری پێشکەش کراو لەلایەن داوالێکراوی تانە دژ لەسەرکراو بە ڕاست کردنەوەی لە دایك بوونی کچی داواکار (د/ م/ أ/) لە (٢٠١٢/١/٤) بۆ (٢٠١١/١٠/٩) وە بەڕاست کردنەوەی شوێنی لەدایك بوی لە وڵاتی ایران بۆ وڵاتی نەرویژ وە هەروەها دادگا ئاماژەی بە بڕیاری دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی (٧) ژمارە (١٥٠٩/ لە ٢٠٢٢/٥/٢٩) سەبارەت بە ڕاست کردنەوەی ساڵی لەدایك بوون و شوێنی لە دایك بوونی لەلایەن دادوەر لە بەرواری (٢٠٢٢/٦/٢٦) بڕوانامەی لە دایك بوونی ژمارە (٢٨٩/ولادە/٢٠١٢) بەناوی (ل/ د/ م/) وەلەبەر رازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بە بڕیاری دادگای باری کەسێتی لە سلێمانی هەڵسا بە تانە لێدان بە ڕێگای تانە لە بەرژەوەندی یاسا بە پێ ی تیانووسی ژمارە (١١١٢/٣) لە رێکەوتی (٢٠٢٣/٦/١٣) وە پاش گەیشتنی تانە و دۆسیەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمارکراو دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار** / پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی سەرۆکی داواکاری گشتی لەبەرژەوەندی یاسا لە ماوەی یاساییدا پێشکەش کراوە بۆیە پەسەندە لە رووی شێوەوەو سەرنج درا کە بڕیاری دادگای بەرایی تانە لێدراو لە (٢٠٢٢/٦/٢٦) ئاماژە پێکراو لە سەرەوە پابەندی یاسا نییە و پێشێلی یاسای کردووە چونکە دادگا بڕیاری دەرکردووە بە ڕاست کردنەوەی ڕۆژی لەدایك بوونی (ل/ د/ م/) لە (٢٠١٢/١/٤) بۆ (٢٠١١/١٠/٩) و شوێنی لە دایك بوونی لە (ایران)وە بۆ (نرويج) پشتی بەستووە بە بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی سلێمانی بە ژمارە (١٥٠٩ لە/٢٠٢٢/٥/٢٩) چونکە ناکرێت بە پێ ی یاسا لە رێکارەکانی ڕاستکردنەوەی بەرواری لەدایك بوون و شوێنی لە دایك بوونەکە پشت بە بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە بگرێت چونکە ئەو بڕیارە لەلایەنێکی ناتایبەت مەند دەرچووە کاری پێناکرێت بۆیە ئەم بڕیارە بەلەنێوچوو(معدوم)هەژمار دەکرێت چونکە لە دادگای تایبەت مەند دەرنەچووە شیاوی ڕەتکردنەوە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دابە هەڵوەشانەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕانەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بەمەبەستی ڕەتکردنەوەی داواکە ناردنەوەی بڕیاری دادگا بۆ ئەم دادگایە لە خۆیەوە (تلقائيا) ئەم بڕیارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/٩/١٤ .

**ژمارە / ٢٨/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت ١٤/ ٩ /٢٠٢٣**

لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/٨ وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (١١٥٨/ب٦/٢٠١٩) دادگای بەرایی شەشەمی لە هەولێر بڕیاری دەرکرد بە هەموارکردنی برگەی (٣) لە (گرێبەستی بەکرێدانی درێژ خایەنی ناو لێنراو بە گرێبەستی بانەوانی -**عقد المساطحة**)ی بەستراو لە بەرواری (٢٠١٤/١٢/١) لە داوای ناوبراودا لە نێوان داواکاران هەریەك لە (١- أ/أ/ م/ ٢- ف/ح/ ع/ ٣- ب/ م/ ك/ ٤- ك/ م/ ح/ ٥- ه/ أ/ أ/)وە داوالەسەرکراو سەرۆکی شارەوانی هەولێر سەرەڕای کارەکەی بەکەمکردنەوەی بڕی کرێ ی ساڵانەی مافی بانەوانی ژمارە (١٥٩/٢٦٢٦کەرتی ٤٥/وارش) لە (٢٠٠ , ٠٢٥ , ٤٥)چل و پێنج ملیون و بیست و پێنج هەزارو دووسەد دینارەوە بۆ (٠٠٠ , ٠١٤ , ٢٥) بیست و پێنج ملیون و چواردە هەزار دینار ساڵانە . وە لەبەر ڕازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بە بڕیاری دادگای بەرایی هەولێر دەست پێشخەربوو لە تانە لێدان لە بەرژەوەندی یاسا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات لەبەر ئەم هۆکارانەی سەرەوە کە دیاری کراوە بڕیارەکە هەڵوەشاوەتەوە بە پێ ی بڕیاری دادگای پێداچوونەوەی هەرێم بە ژمارە (١٧/ دەستەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا /٢٠٢١) لە (٢٠٢١/٩/١٥) وە پاش گەڕانەوەی دۆسیەی داواکە بۆ دادگای بەرایی هەولێر وە دووبارە ووردبینی بڕیار درا بە ژمارە (١١٥٨/ب٦/٢٠١٩) لە رێکەوتی (٢٠٢٣/٢/١٩) بە ڕەتکردنەوەی داواکەو ناردنی داوا بە شێوەی (تلقائی) وە دووبارە ڕەوانە کردنەوەی بۆ دادگای پێداچوونەوەی هەرێم پاش گەیشتنی تانە و دۆسیەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمارکراو دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار**/ پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە بڕیاری دادگای بەرایی هەولێر بە ژمارە (١١٥٨/ب٦/٢٠١٩) لە (٢٠٢٣/٢/١٩) بە ڕەتکردنەوەی داوای داواکاران کە تانەی لێدراوە دادگاش ڕەوانەی ئەم دادگایەی کردووە چونکە پێداچوونەوەی لە خۆوەیە (تمييز تلقائی) و تێبینی کرا کە بڕیارێکی دروستە پابەندی یاسایە دادگای بەرایی پەیڕەوی بڕیاری ئەم دادگایەی کردووە بە ژمارە (١٧/ دەستەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢١) لە (٢٠٢١/٩/١٥) بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە ڕاستاندنی بڕیارەکە ئەم بڕیارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/٩/١٤ .

ژماره / ٢٩/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت ١٤/ ٩ /٢٠٢٣

لەڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٦ وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (٢١/استملاك / ب٢/٢٠٢١) دادگای بەرایی دووی هەولێر بڕیاری دەرکرد بە خوماڵەکردنی بەشێك لە موڵکی ژمارە (٥٦٤/ ١٠٨ ك ٤٥ وارش) بە ڕووبەری (٠.٨، ٩ م٢) کە خاوەنداریێتی دەگەرێتەوە بۆ هەریەك لە (ب/ ی/ ق/) وە کەسی سێ یەم لەتەك خۆماڵی لێکراو (خ/ خ/ م/) لەبەر بەرکەوتنی بەر شەقام و یەکبوونی لەگەڵ ڕێگای گشتی پاڵپشتی بە بڕیاری ئەنجوومەنی شارەوانی بەژمارە (٢٠٨) لە (٢٠١٩/١١/٢٠) بە پێ ی نەخشەی جیاکردنەوەی موڵکی ئاماژە پێکراوی هاوپێچ , پاڵپشت بە یاسای خۆماڵەکردنی ژمارە (١٢/ی ساڵی ١٩٨١) وە قەرەبوو کردنەوەی ناوبراو بە شێوەی نەختینە (نقدی) بە بڕی پارەی (٥٠٨٣٠٠٠ , ٦) دینار وەلەبەر ڕازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بەم بڕیارە هەڵسا بە تانە لێدان بە ڕێگای تانە لە بەرژەوەندی یاسا بەپێ ی تیانووسی ژمارە (٩٩٥/٣) لە (٢٠٢٣/٥/٢٨) وە پاش گەیشتنی تانە و دۆسیەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمارکراو دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

بڕیار/ پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانە لەبەرژەوەندی یاسا لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە بۆیە پەسەندە لە رووی شێوەوەو دوای سەرنج دان لە بڕیاری تانە لێدراوی سەرەوە کە ئاماژەی پێکراوە دەرکەوت بڕیارێکی ڕاست و دروستە پابەندی یاسایە چونکە چەسپاوە بە پێ ی نوسراوی بەرێوەبەرایەتی خانوبەرەی دووەمی هەولێر مولکی بابەتی خوماڵەکردن (الملك المستملك) لە ئیفرازەوە هاتووە ئەمەش ڕاستی ئەوە دەگەیەنێ کە چارەکی یاسایی لێ وەرگیراوە وبەپێ ی یاسا ناکرێت دووجار چارەکی یاسایی وەربگیرێت . هەروەها خەملاندنی موڵك هیچ زێدە ڕەویەکی تێدا نەکراوە زیاتر لە نرخی خۆی نەخەملێنراوە چونکە لە خەملاندنی بەرێوەبەرایەتی باجی خانووبەرە وە تۆمارگای خانووبەرە بەپێ ی ئەو پشکنینانەی بە جیا ئەنجامیان داوە نرخی (١) م٢ خەملێنراوە بەبڕی (٧٢٥٠٠٠) حەوسەدو بیست و پێنج هەزار دینار و شایانی باسە بڕیارەکە هیچ پێشێلکاری تێدا نەهاتووە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە ڕەتکردنەوەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا ئەم بڕیارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/٩/١٤

ژمارە / ٣٠/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت ١٤/ ٩ /٢٠٢٣

لەڕێکەوتی ٢٠١٩/١/٢٠ وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (١/ش /٢٠١٩) دادگای باری کەسێتی لە خەلیفان بڕیاری دەرکردووە بە چەسپاندنی ڕەچەلەکی داواکار/ داواکاری دژ لەسەرکراو / ز/ ا/ ا/ لە باوکی داوالێکراوی یەکەم/ ا/ ا/ م/ وە هەروەها لە داوالێکراوی دووەم کە دەکاتە دایکی / ب/ ی/ ت/ وە پێراگەیاندنی بەرێوەبەرایەتی فەرمانگەی کارتی نیشتیمانی لە سیدەکان وە نیشانکردنی لە تۆمارەکانی فەرمانگەی پەیوەندار . وەلەبەر رازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بەم بڕیارە هەڵسا بە تانە لێدان بە ڕێگای تانە لە بەرژەوەندی یاسا بە پێ ی تیانووسی ژمارە (١٠١٣/٣) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٥/٣٠) وە پاش گەیشتنی تانە و دۆسیەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمارکراو دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار** / پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت  کە تانە لەبەرژەوەندی یاسا کە لەلایەن سەرۆکی داواکاری گشتی پێشکەش کراوە تایبەتە بە بڕیاری دادگای باری کەسی خەلیفان ژمارە (١/ش/٢٠١٩) لە (٢٠١٩/١/٣٠) بەڵام سەرەرای تێپەڕ بوونی ماوەی یاسایی روون بووەوە کە بڕیارەکە چەندین هەڵەی یاسایی لە خۆ گرتووە پێشێل کاری لە یاسادا کردووە چونکە داواکە لە دادگای خەلیفان تۆمارکراوە بەڵام گرێبەستی مارە بڕینی داوالێکراوان لە دادگای باری کەسی هەولێردەرچووە بەڵام هەڵساوە بە دانی بریکارنامەی پارێزەر لە دادنووسی مێرگەسۆر و وێنەی باری شارستانیان لە فەرمانگەی باری شارستانی سیدەکان دەرچووە و بە پێ ی ئەو لێکۆلینەوەی لە فەرمانگەی باری شارستانی کراوە داواکار لەبەردەم فەرمانبەری فەرمانگاکە دانی ناوە کە خۆی خاوەنی ڕەگەزنامەی تورکیە لە یەکێك لە گوندەکانی سەر بە قەزای شەمزینان لە دایك بووەو بەرامبەر بڕی (٥٠٠٠) پێنچ هەزار دۆلار ڕەچەڵەکی خۆی لەسەر داوالێکراوان چەسپاندووە وەلەبەر ئەوەی داواکەی و داواکارییەکەی ساختەیە بە لە نێوچوو (معدوم) دادەنرێت دژی سیستەمی گشتی یە (نظام عام) بۆیە ئەم دادگایە تانەکەی پەسەندکرد بڕیاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ناوبراو و گەراندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بەمەبەستی ڕەتکردنەوەی داوای داواکاری رەوانەکردنی بڕیاری دادگا بۆ ئەم دادگایە لەخۆیەوە (تلقائیاً) و سەندیکای پارێزەران ئاگادار بکرێتەوە بەمەبەستی گرتنە رێکاری یاسایی دژی (ح/م/ ی/) هەروەها ڕەوانەکردنی داوالێکراوان بۆ دادگای لێکۆڵینەوە لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵساون بە چەواشەکردنی دادوەری و ئەم بڕیارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/٩/١٤ .

**ژمارە / ٣١/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت ١٤/ ٩ /٢٠٢٣**

لەڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/١٤ وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (٢٧/استملاك / ب٢٠٢١/٤) دادگای بەرایی چوار لە هەولێر بڕیاری دا بە خۆماڵە کردنی بەشێك لە موڵکی ژمارە (٢/ ٥٠٥ ك , ٢٠٨ تەیراوە) بە رووبەری (٧٠ و ٢١ م٢) کە خاوەندارێتی دەگەرێتەوە بۆ (ق/ ع/ ص/) لەبەر بەر کەوتنی  بەر شەقام و یەکبوونی لەگەڵ ڕێگای گشتی پاڵپشتی بە بڕیاری ئەنجومەونی شارەوانی بە ژمارە (٧٠ لە ٢٠٢٠/١١/٣٠) بە پێ ی نەخشەی جیاکردنەوەی موڵکی ئاماژە پێکراوی هاوپێچ , پاڵپشت بە یاسای خۆماڵەکردنی ژمارە (١٢/ی ساڵی ١٩٨١) وە قەرەبوو کردنەوەی ناوبراو بە شێوەی نەختینە (نقدی) بە بڕی پارەی (١٨,٤٤٥,٠٠٠) دینار , لەبەر ڕازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بە بڕیاری دادگای بەرایی هەولێر هەڵسا بە تانە لێدان بە ڕێگای تانە لە بەرژەوەندی یاسا بە پێ ی تیانووسی ژمارە (١٠١٥/٣) لە (٢٠٢٣/٥/٣٠) وە پاش گەیشتنی تانە و دۆسیەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمارکراو دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار** / پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانە لەبەرژەوەندی یاسا لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە بۆیە پەسەندە لە رووی شێوەوە و تێبینی کرا کە بڕیاری تانە لێدراو کە ئاماژەی پێکراوە ڕاست و دروستە هیچ پێشێل کاری یاسایی تێدانیە چونکە سەلمێنراوە کە موڵکی بابەتی خۆماڵەکردن (المستملك) لە ئیفرازەوە هاتووە بە پێ ی نووسراوی بەرێوەبەرایەتی تۆمارگای یەکەمی خانووبەرەی هەولێربە ژمارە (٤٨٩٢) لە (٢٠٢١/٨/٢٦) کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە چارەکی یاسایی لیٰ وەرگیراوە ناکریٰ دووبارە لیٰ ی وەربگیرێت لە لایەکی ترەوە خەملاندنی موڵکەکە گونجاوە هیچ زێدە رەوی تێدا نیە چونکە فەرمانگەی باجی خانووبەرە یەك مەتر دووجای خەملاندووە بە (٠٠٠ ١٥٠٠) دینار و شارەوانیش خەملاندویەتی بە (٨٧٠٠٠٠) دینار کەچی لێژنەی خەملاندنی دادگا ١م٢ خەملاندووە بە بڕی (٨٥٠٠٠٠) دینار بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە ڕەتکردنەوەی تانەی سەرۆکی داواکاری گشتی وە گەڕانەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی ئەم بڕیارەش بە کۆرا دەرکرا لە ٢٠٢٣/٩/١٤ .

**ژمارە / ٣٢/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت ١٤/ ٩ /٢٠٢٣**

لەڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/١٥ وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (٣٦/ استملاك / ب٢ /٢٠٢١) دادگای بەرایی دووی هەولێر بڕیاری دا بە خۆماڵە کردنی بەشێك لە موڵکی ژمارە (٤١٧٤ / ١٠٩ ك ٤٥ وارش) بە رووبەری (٤٣ , ٣٥ م٢) کە خاوەنداریێتی دەگەرێتەوە بۆ (ر/ ش/ م/ وە س/ خ/ ر/) لەبەر بەرکەوتنی بەر شەقام و یەکبوونی لەگەڵ ڕێگای گشتی پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی شارەوانی بە ژمارە (٢١٤ لە ٢٠١٨/١٠/١٦) بە پێ ی نەخشەی جیاکردنەوەی موڵکی ئاماژە پێکراوی هاوپێچ پاڵپشت بە یاسای خۆماڵە کردنی ژمارە (١٢)ی (ساڵی ١٩٨١) وە قەرەبوو کردنەوەی ناوبراو بە پارچە زەوی ژمارە (١٠٠٣٥ /١ ك گرد جوتیار) بە پێ ی کۆنووسی لێژنەی خۆماڵەکردنی هاوپێچ . وە لەبەر رازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بەم بڕیارە هەڵسا بە تانە لێدان بە ڕێگای تانە لە بەرژەوەندی یاسا . بە پێ ی تیانووسی ژمارە (١٠١٦/٣) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٥/٣٠) وە پاش گەیشتنی تانە و دۆسیەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمار کراو دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار** / پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت تانە لەبەرژەوەندی یاسا لە ماوەی یاسایی دا پێشکەش کراوە بۆیە پەسەندە لە رووی شێوەوە و تێبینی کرا کە بڕیاری تانە لێدراو کە ئاماژەی پێکراوە لە سەرەوە ڕاست و دروستە هیچ پێشێل کاری یاسایی تێدا نییە چونکە سەلمێنراوە کە موڵکی بابەتی خۆماڵەکردن (مستملك) لە ئیفرازەوە هاتووە بە پێ ی نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگای خانووبەرەی هەولێر /٢ بە ژمارە (٥١٦٤ لە ٢٠٢١/٩/٧) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە چارەکی یاسایی وەرگیراوە ناکرێت دووجار چارەکی یاسایی وەربگیرێت لەلایەکی ترەوە خەملاندنی هەردووموڵکی بابەتی خۆماڵەکردن و موڵکی موستەبدەلی گونجاوە زێدەڕەوی نییە لە خەملاندنەکە بۆ نمونە فەرمانگەی باجی خانووبەرە موڵکی موستەبدەلی خەملاندووە بە (٥٠٠٠٠) دینار بە (١م٢) کەچی لێژنەی خەملاندنی دادگا خەملاندویەتی بە (١٢٥٠٠٠) دینار بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە ڕەتکردنەوەی تانەکەو ئەم بڕیارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/٩/١٤ .

| ژمارە / ٣٣/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ | ڕێکەوت ١٤/ ٩ /٢٠٢٣ |
|---|---|

لەڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/١٥ وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (٣٠/استملاك / ب٢٠٢١/٥) دادگای بەرایی پێنجەمی هەولێر بڕیاری دەرکرد بە خوماڵەکردنی بەشێك لە موڵکی ژمارە (٢٤٢/ ٣٥٨ ك ٤٥ وارش) بە رووبەری (٧١ , ٢٥ م٢) کە خاوەنداریێتی دەگەرێتەوە بۆ (خ/ ح/ ح/ وە ت/ ق/ د/ أ/) لەبەر بەرکەوتنی بەرشەقام وە یەکبوونی لەگەڵ ڕێگای گشتی پاڵپشتی بە بڕیاری ئەنجومەونی شارەوانی ژمارە (١٥٥) لە (٢٠١٩/٨/٦) بە پێ ی نەخشەی جیاکردنەوەی موڵکی ئاماژە پێکراوی هاوپێچ , پاڵپشت بە یاسای خۆماڵەکردنی بە ژمارە (١٢/ی ساڵی ١٩٨١) وە قەرەبوو کردنەوەی ناوبراو بە شێوەی نەختینە (نقدی) بەبڕی پارەی (٥٠٠ , ٢٨٢ , ١٩) دینار وەلەبەر ڕازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بەم بڕیارە. هەڵسا بە تانە لێدان بە ڕێگای تانە لە بەرژەوەندی یاسا بەپێ ی تیانووسی ژمارە (٩٩٧/٣) لە (٢٠٢٣/٥/٢٨) وە پاش گەیشتنی تانە و دۆسیەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمارکراو دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار**/ پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانە لەبەرژەوەندی یاسا لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە بۆیە پەسەندە لە رووی شێوەوەو تێبینی کراکە بڕیاری تانە لێدراو ڕاست نییە پێشێل کاری یاسایی کردووە چونکە دادگا لێکۆڵینەوەی نەکردووە کە ئایا موڵکەکە لە ئیفرازەوە هاتووە یانا ئەوەی بەمەبەستی بڕینی چارەکی یاسایی یان نا و ئایا موڵکەکە نرخەکەی گۆڕاوە بۆ باشتر (تحسين القيمة) هەروەها یەکێك لە هاوبەشەکان بە ناوی (ت/ ق/ د/) تنازولی کردووە لە مافی خۆی لەبڕی پارەی خەملێنراو کە دەبوو دادگا دەقی مادەکانی (٨٩ , ٩٠) لە یاسایی دادبینی شارستانی جێ بەجێ بکات چونکە دەست هەڵگرتن لە حوکمەکە دەبێتە مایەی دەست هەڵگرتن لە مافی بابەتی داواکە نەك ئەو بەشەی دەستی لەسەر هەڵگرتووە بدرێ بەهاوبەشەکەی تر کە ئەوە پێچەوانەی یاسایە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە هەڵوەشانەوەی بڕیاری تانە لێدراو و گەرانەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ دەرکردنەوەی بڕیار لەسەر رۆشنایی روونکردنەوەی سەرەوە ناردنەوەی بڕیارەکە بۆ ئەم دادگایە لە خۆیەوە (تلقائياً) ئەم بڕیارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/٩/١٤ .

**ژماره / ٣٤/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ رێکەوت ١٤/ ٩ /٢٠٢٣**

لەرێکەوتی ٢٠٢١/٢/١٠ وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (٣٤/استملاك / ب٢ /٢٠٢١) دادگای بەرایی دووی هەولێر بڕیاری دا بە خۆماڵە کردنی سەرجەم خانوەکانی گەرەکەکانی (عەرەب , تعجیل ,خانقاە) بە پێ ی نەخشەی ئامادەکراوی پشت ڕاست کراوە لەلایەن لێژنەی (Buffer-zone) وە قەرەبووکردنەوەی (عینی) بە پارچە زەویەکان ژمارە (١٩٤١ , ١٩٢٦ , ١٩٣٦ /م٢ /٨ گەڕەسوور )وە (٣٣٠٢/١م٢١) طۆبزاوە بە پێ ی کۆنوسی لێژنەی خۆماڵەکردن . وەلەبەر رازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بە بڕیاری دادگای بەرایی هەولێر هەڵسا بە تانە لێدان بە ڕێگای تانە لە بەرژەوەندی یاسا . بە پێ ی تیانووسی ژمارە (٣/٩٩٤) لە رێکەوتی (٢٠٢٣/٥/٢٨) وە پاش گەیشتنی تانە و دۆسیەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمار کراو دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار** / پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت تانە لەبەرژەوەندی یاسا لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە بۆیە پەسەندە لە رووی شێوەوە تێبینی کرا کە بڕیاری تانە لێدراو ڕاست و دروستە پێشێل کاری یاسایی نەکردووە چونکە بە پێی نوسراوی بەرێوەبەرایەتی تۆمارگای خانوبەرەی هەولێر موڵکی بابەتی خۆماڵەکردنی لە ئیفرازەوە هاتووە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنیٚ کە چارەکی یاسایی لیٚ وەرگیراوە و بڕیارەکانی دادگا لەسەر ئەمە چەسپاوە (استقر علی ذلك) هەروەها خەملاندنی هەردوو موڵکی بابەتی خۆماڵە کردن و موڵکی مستبدل گونجاوە هیچ زێدەرەوی تێدا نییە و خەملاندنەکە زۆر گونجاوە لەگەڵ ئەو نرخانەی لەلایەن باجی خانووبەرەوە و تۆمارگای خانوبەرە دیاری کراوە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە رەتکردنەوەی تانەکەو گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی و ئەم بڕیارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/٩/١٤ .

**ژمارە / ٣٥/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ رێکەوت ١٤/ ٩ /٢٠٢٣**

لەرێکەوتی ٢٠٢١/٩/١ وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (٢٢/استملاك / ب٢ /٢٠٢١) دادگای بەرایی دووی هەولێر بڕیاری دەرکردووە بە خۆماڵە کردنی بەشێك لە موڵکی ژمارە (٧٠٥٩ / ٣٢ ك ٤٤ وارش) بە رووبەری (٨١ , ١٤ م٢) کە خاوەندارێتی دەگەرێتەوە بۆ (ش/ ع/ س/) لەبەر بەرکەوتنی بەر شەقام و یەکبوونی لەگەڵ رێگای گشتی پاڵپشت بە یاسای خۆماڵکردن بە ژمارە (١٢)ی ساڵی (١٩٨١) وە قەرەبووکردنەوەی ناوبراو بە شێوەی نەختینە (نقدی) بە بڕی پارەی (٥٠٠ , ٨٩٧ , ١٨) ملیون دینار وەلەبەر رازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بە بڕیاری دادگای بەرایی هەولێر هەڵسا بە تانە لێدان بە ڕێگای تانە لە بەرژەوەندی یاسا . بە پێ ی تیانووسی ژمارە (٣/١٠١١٤) لە رێکەوتی (٢٠٢٣/٥/٣٠) وە پاش گەیشتنی تانە و دۆسیەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمار کراو دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار** / پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانە لەبەرژەوەندی یاسا لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە بۆیە پەسەندە لە رووی شێوەوە و تێبینی کرا کە بڕیاری تانە لێدراو ڕاست و دروستە هیچ پێشێل کاری یاسایی نەکردووە چونکە بە پێی نوسراوی تۆمارگای خانوبەرەی هەولێر موڵکی بابەتی خۆماڵەکردن لە ئیفرازەوە هاتووە ئەمەش ڕاستی ئەوە دەسەلمێنیٚ کە چارەکی یاسایی لیٚ وەرگیراوە و ناکرێت دووجار چارەکی یاسایی وەربگیرێت و سەبارەت بە خەملاندنی هەردوو موڵکی بابەتی خۆماڵە کراو و موڵکی مستبدل خەملاندنەکە گونجاوە هیچ زێدەڕەوییەتی تێدا نییە چونکە بەپیٚ ی هەمان خەملاندنی باجی خانووبەرەوە تۆمارگای خانوبەرە دیاری کراوە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە رەتکردنەوەی تانەکەو گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی ئەم بڕیارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/٩/١٤ .

**ژمارە / ٣٦/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ رێکەوت**

**١٤/ ٩ /٢٠٢٣**

**لەڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٨ وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (٣٧/استملاك / ب٢٠٢١/٢) دادگای بەرایی دووی هەولێر بڕیاری دا بە خومالەکردنی بەشێك لە مولکی ژمارە (١٠٠/ ٤٤٧ ك خانقاە) بە رووبەری (٧ / ٩٥) م٢ کە خاوەنداریێتی دەگەرێتەوە بۆ (ئ/ ع/ ر/)لەبەربەرکەوتنی بەر شەقام و یەکبوونی لەگەڵ رێگای گشتی پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی شارەوانی ژمارە (٤٦٩) لە (٢٠١٢/١٢/٢٤) بە پێ ی نەخشەی جیاکردنەوەی مولکی ئاماژە پێکراوی هاوپێچ , پاڵپشت بە یاسای خۆماڵەکردنی ژمارە (١٢/ی ساڵی ١٩٨١) وە قەرەبوو کردنەوەی ناوبراو بە پارچە زەوی ژمارە (٣/٩٦٢ك٧٦کونەگورگ) و (٨٢٦+٨٢١+٧٨٠/٧٨١/٣٠ك ٩٣ باداوە) بە پێی کۆنوسی لێژنەی خۆماڵەکردنی هاوپێچ وە پابەندکردنی خۆماڵە کردن لێ ی بە دانانی جیاوازی نرخ کە بڕەکەی دەکاتە (٤١٢٠١٠٠) لە سندوقی دادگا لە ژێر ژمێری خۆماڵەکار. وەلەبەر ڕازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بە بڕیاری دادگای بەرایی هەولێر . هەڵسا بە تانە لێدان بە رێگای تانە لە بەرژەوەندی یاسا بەپێ ی تیانووسی ژمارە (٩٨١/٣) لە (٢٠٢٣/٥/٢٨) وە پاش گەیشتنی تانە و دۆسیەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمارکراو دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-**

**بڕیار/** پاش ووردبینی و **گفتوگۆ** دەرکەوت کە تانە لەبەرژەوەندی یاسا لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە بۆیە پەسەندە لە رووی شێوەوەو تێبینی کرا کە بریاری تانە لێدراو ڕاست و دروستە هیچ پێشێل کاری یاسایی نەکردووە چونکە بە پێی نوسراوی تۆمارگای خانووبەرەی هەولێر مولکی بابەتی خوماڵەکردن لە ئیفرازەوە هاتووە ئەمەش ڕاستی ئەوە دەسەلمێنێت کە چارەکی یاسایی لێ وەرگیراوە و ناکرێت دووجار چارەکی یاسایی وەربگیرێت و سەبارەت بە خەملاندنی هەردوو مولکی بابەتی خۆماڵەکراو و مولکی مستبدل خەملاندنەکە گونجاوە هیچ زێدە ڕەویەکی تێدا نیە چونکە بەپێ ی هەمان خەملاندنی باجی خانوو بەرە وە تۆمارگای خانووبەرە دیاری کراوە بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە ڕەتکردنەوەی تانەکەو گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی ئەم بڕیارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/٩/١٤

| | |
|---|---|
| **ژمارە / ٣٧/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣** | **ڕێکەوت** |
| **٢٠٢٣/ ٩ /١٤** | |

**لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/١٤ وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (١٥٥/ ب /٢٠١٨) دادگای بەرایی لە شەقلاوە بڕیاری دەرکرد بە پابەندکردنی داوالێکراوان ١- نوێنەرایەتی وەزارەتی پەروەردەی عیراقی لە هەولێر و دهۆك ٢- وەزارەتی پەوروەردەی عیراقی سەرەڕای کارەکانیان کە وەك کەسی سێ یەم لە تەك داوالێکراوان بە پێدانی بڕە پارەی (١٦,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار وەك قەرەبووکردنەوی لە ئەنجامی ئەو زیانانەی کە پێ گەیشتوە لە بەکار هێنانی نا ئاسایی لە مولکی ژمارە (١٤٤) م١ باخەکانی شەقلاوە کە مولکایەتی دەگەرێتەوە بۆ داواکاری تانە دژ لەسەرکراوان . وە لەبەر رازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بە بریاری دادگای بەرایی شەقلاوە هەڵسا بە تانە لێدان بە رێگای تانەلە بەرژەوەندی یاسا بە پێ ی تیانووسی ژمارە (٨٠٦/٣ لە ٢٠٢٣/٥/٧) وە پاش گەیشتنی دۆسیەو تانەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمارکراو دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-**

**بڕیار** / پاش ووردبینی و **گفتوگۆ** دەرکەوت تانە لەبەرژەوەندی یاسا لە ماوەی یاسایی پێش کەش کراوە و مەرجەکانی تری تانەی تێدایە بۆیە پەسەندە لە رووی شێوەوە تێبینی کرا کە بریاری دادگای بەرایی شەقڵاوە کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە و تانەی لێدراوە ڕاست نییە پێشێل کاری یاسایی کردووە وە دادگا بەهەڵە داچووە کە بڕیاری دەرکردووە بەو بڕە پارەیەی لەلایەن شارەزاکانەوە خەملێنراوە پێش ئەوەی داوایان لێبکات کە ئەو زیانانەی دیاری بکەن لە ئەنجامی بەکار هێنانی ئاسایی و ئەوانەی لە ئەنجامی بەکار هێنانی ئاسایی (الأستعمال الاعتیادي والغیر

اعتيادي) روويان داوە بەر موڵکەکە کەوتوون بۆیە دەبوو دادگا پەنابباتە بۆ شارەزایانی پسپۆڕ لە ئەندازیارانی شارستانی لەم بوارە دا کە هەڵسن بە دیارکردنی هەموو زیانەکانی ئەوەی کەلە ئەنجامی نائاسایی روویان داوە ئەوەی دیکە لە ئەنجامی بە کار هێنانی ئاسایی پاشان هەڵسن بە خەملاندنی ئەو زیانانەی لە ئەنجامی بە کار هێنانی نائاسایی ڕوویان داوە بە شێوەیەکی گونجاو کە مافی هەردوولای داوا رەچاوبکات هەروەها سەرۆکی شارەوانی لە داواکە داخل بکات بۆ روون کردنەوە کە ئایا موڵکی بەکرێ دراو مۆڵەتی بینای هەیە یانا چونکە ڕەگەزی موڵکەکە باخچەی دێمیە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تان لێدراو و گەڕاندنەوەی دۆسیەکەبۆ دادگاکەی بەمەبەستی دەرکردنی بڕیار لەسەر بۆچوونەکانی سەرەوە و ناردنی بڕیارەکە بۆ ئەم دادگایە لە خۆیەوە (تلقائیا) بۆ ئەم دادگایە ئەم بڕیارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/٩/١٤ .

**ژمارە / ٣٨/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت ٢٠٢٣/ ٩ /١٤**

لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/١٤ وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (١٥٤/ ب /٢٠١٨) دادگای بەرایی لە شەقلاوە بڕیاری دەرکرد بە پابەندکردنی داوالێکراو/ کەسی سێ یەم لە تەك داوالێکراو/ ١- نوێنەرایەتی وەزارەتی پەروەردەی عیراقی لە هەولێر و دهوك وە هەروەها وەزارەتی پەروەردەی عیراقی سەرەڕای کارەکەی وەك کەسی سێ یەم بە دانی برە پارەی (١٧,٧٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار کە وەك قەرەبووی لە ئەنجامی ئەو زیانانەی کە پێ ی گەیشتووە لە بەکار هێنانی نا ئاسایی لە موڵکی ژمارە (٢٥٦) م١ زەویەکانی شەقلاوە کەدەگەرێتەوە بۆ داواکاری دژ لەسەرکراوان . وە لەبەر رازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بەم بڕیارە هەڵسا بە تانە لێدان بە ڕێگای تانەلە بەرژەوەندی یاسا بە پێ ی تیانووسی ژمارە (٨٥٨/٣ لە ٢٠٢٣/٥/١٠) وە پاش گەیشتنی دۆسیەو تانەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمارکراو دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار** / پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت تانە لەبەرژەوەندی یاسا لە ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە و مەرجەکانی تری تانەی تێدایە بۆیە پەسەندە لە رووی شێوەوەوە تێبینی کرا کە بریاری دادگای بەرایی شەقلاوە کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە و تانەی لێدراوە ڕاست نییە پێشێل کاری یاسایی کردووە وە دادگا بەهەڵە داچووە کە بڕیاری دەرکردووە بەو برە پارەیەی لەلایەن شارەزاکانەوە خەملێنراوە پێش ئەوەی داوایان لێبکات کە ئەو زیانانە دیاری بکەن کە لە ئەنجامی بەکار هێنانی ئاسایی و ئەوانەی لە ئەنجامی بەکار هێنانی ئاسایی (الأستعمال الاعتیادي والغیر اعتیادي) روویان داوە بەر موڵکەکە کەوتوون بۆ دەبوو دادگا پەنابباتە بۆ شارەزایانی پسپۆڕ لە ئەندازیارانی شارستانی لەم بوارە دا کە هەڵسن بە دیارکردنی هەموو زیانەکانی ئەوەی کەلە ئەنجامی نائاسایی روویان داوە ئەوی دیکە لە ئەنجامی بە کار هێنانی ئاسایی پاشان هەڵسن بە خەملاندنی ئەو زیانانەی لە ئەنجامی بە کار هێنانی نائاسایی ڕوویان داوە بە شێوەیەکی گونجاو کە مافی هەردوولای داوا رەچاو بکات هەروەها سەرۆکی شارەوانی لە داواکە داخل بکات بۆ روون کردنەوە کە ئایا موڵکی بەکرێ دراو مۆڵەتی بینای هەیە یانا چونکە ڕەگەزی موڵکەکە باخچەی دێمیە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تان لێدراو و گەڕاندنەوەی دۆسیەی داوا بۆ دادگاکەی بەمەبەستی دەرکردنی بڕیار لەسەر بۆچوونەکانی سەرەوە و ناردنی بڕیارەکە بۆ ئەم دادگایە لە خۆیەوە (تلقائیا) ئەم بڕیارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/٩/١٤ .

**ژمارە / ٣٩/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت ١٤/ ٩ /٢٠٢٣**

لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/١٤ وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (١٥٧/ ب /٢٠١٨) دادگای بەرایی لە شەقلاوە بڕیاری دەرکرد بە پابەندکردنی داوالێکراو/ کەسی سێ یەم لە تەك داوالێکراو/ ١- نوێنەرایەتی وەزارەتی پەروەردەی عیراقی لە هەولێر و دهوك وە هەروەها وەزارەتی پەروەردەی عیراقی سەرەڕای کارەکانیان وەك کەسی سێ یەم بە پێدانی برە پارەی

(١٥,٦٠٠,٠٠٠) مليۆن دينار كە وەك قەرەبووكردنەوەی لە ئەنجامی ئەو زيانانەی كە پێيگەيشتووە لە بەكار هێنانی نا ئاسايی لە موڵكی ژمارە (٢٠/٤١٢) م١٦ى زەويەكانی لە شەقلاوە كەدەگەرێتەوە بۆ داواكاری تانە دژ لەسەركراوان . وە لەبەر رازی نەبوونی سەرۆكی داواكاری گشتی هەرێم بەبرياری دادگای بەرايی شەقلاوە هەڵسا بە تانە لێدان بە رێگای تانەلە بەرژەوەندی ياسا بە پێ ی تيانووسی ژمارە (٣/٧٠٥ لە ٢٠٢٣/٥/٧) وە پاش گەيشتنی دۆسيەو تانەكەی بۆ دادگاكەمان تۆماركراو دانرا بۆ ووردبينی و گفتوگۆ:-

**بڕيار** / پاش ووردبينی و گفتوگۆ دەركەوت تانە لەبەرژەوەندی ياسا لە ماوەی ياسايی پێش كەش كراوە و مەرجەكانی تری تانەی تێدايە بۆيە پەسەندە لە رووی شێوەوە تێبينی كرا كە بڕياری دادگای بەرايی شەقڵاوە كە لە سەرەوە ئاماژەی پێكراوە و تانەی لێدراوە ڕاست نييە پێشێل كاری ياسايی كردووە وە دادگا بەهەڵە داچووە كە بڕياری دەركردووە بەو بڕە پارەيەی لەلايەن شارەزاكانەوە خەملێنراوە پێش ئەوەی داوايان لێبكات كە ئەو زيانانە دياری بكەن لە ئەنجامی بەكار هێنانی ئاسايی و ئەوانەی لە ئەنجامی بەكار هێنانی ئاسايی (الأستعمال الأعتيادي والغير اعتيادي) روويان داوە بەر موڵكەكە كەوتوون بۆ دەبوو دادگا پەنابباتە بۆ شارەزايانی پسپۆڕ لە ئەندازيارانی شارستانی لەم بوارە دا كە هەڵسن بە دياركردنی هەموو زيانەكانی ئەوەی كەلە ئەنجامی نائاسايی روويان داوە ئەوەی ديكە لە ئەنجامی بە كار هێنانی ئاسايی پاشان هەڵسن بە خەملاندنی ئەو زيانانەی لە ئەنجامی بە كار هێنانی نائاسايی ڕوويان داوە بە شێوەيەكی گونجاو كە مافی هەردوولای داوا رەچاو بكات هەروەها سەرۆكی شارەوانی لە داواكە داخل بكات بۆ روون كردنەوە كە ئايا موڵكی بەكرێ دراو مۆڵەتی بينای هەيە يانا چونكە ڕەگەزی موڵكەكە باخچەی دێميە بۆيە ئەم دادگايە بڕياری دا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕياری تانە لێدراو و گەڕاندنەوەی دۆسيەی داوا بۆ دادگاكەی بەمەبەستی دەركردنی بڕيار لەسەر بۆچوونەكانی سەرەوە و ناردنی بڕيارەكە بۆ ئەم دادگايە لە خۆيەوە (تلقائيا) بۆ ئەم دادگايە ئەم بڕيارەش بە كۆڕا دەركرا لە ٢٠٢٣/٩/١٤ .

**ژمارە / ٤٠/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی ياسا / ٢٠٢٣** **ڕێكەوت ١٤/ ٩ /٢٠٢٣**

لەڕێكەوتی ٢٠٢٢/١٢/١٤ وە لە دۆسيەی داوای ژمارە (١٦٢/ ب /٢٠١٨) دادگای بەرايی لە شەقلاوە بڕياری دەركرد بە پابەندكردنی داوالێكراوان/ ١- نوێنەرايەتی وەزارەتی پەروەردەی عيراقی لە هەولێر و دهوك وە ٢- وەزارەتی پەروەردەی عيراقی سەرەڕای كارەكانيان وەك كەسی سێ يەم لەتەك داوالێكراو بە پێدانی بڕە پارەی (١٢,٠٠٠,٠٠٠) مليۆن دينار كە وەك قەرەبووكردنەوەی لە ئەنجامی ئەو زيانانەی كە پێيگەيشتووە لە بەكار هێنانی نا ئاسايی لە موڵكی ژمارە (٥/١٧٣١) م١٦ى زەويەكانی لە شەقلاوە كە موڵكايەتی دەگەرێتەوە بۆ داواكاری تانە دژ لەسەركراوان . وە لەبەر رازی نەبوونی سەرۆكی داواكاری گشتی هەرێم بەبرياری دادگای بەرايی شەقلاوە هەڵسا بە تانە لێدان بە رێگای تانەلە بەرژەوەندی ياسا بە پێ ی تيانووسی ژمارە (٣/٨٣٦ لە ٢٠٢٣/٥/١٠) وە پاش گەيشتنی دۆسيەو تانەكەی بۆ دادگاكەمان تۆماركراو دانرا بۆ ووردبينی و گفتوگۆ:-

**بڕيار** / پاش ووردبينی و گفتوگۆ دەركەوت تانە لەبەرژەوەندی ياسا لە ماوەی ياسايی پێش كەش كراوە و مەرجەكانی تری تانەی تێدايە بۆيە پەسەندە لە رووی شێوەوەوە تێبينی كرا كە بڕياری دادگای بەرايی شەقڵاوە كە لە سەرەوە ئاماژەی پێكراوە و تانەی لێدراوە ڕاست نييە پێشێل كاری ياسايی كردووە وە دادگا بەهەڵە داچووە كە بڕياری دەركردووە بەو بڕە پارەيەی لەلايەن شارەزاكانەوە خەملێنراوە پێش ئەوەی داوايان لێبكات كە ئەو زيانانەی دياری بكەن لە ئەنجامی بەكار هێنانی ئاسايی و ئەوانەی لە ئەنجامی بەكار هێنانی ئاسايی (الأستعمال الاعتيادي والغير اعتيادي) روويان داوە بەر موڵكەكە كەوتوون بۆ دەبوو دادگا پەنابباتە بۆ شارەزايانی پسپۆڕ لە ئەندازيارانی شارستانی لەم بوارە دا كە هەڵسن بە دياركردنی هەموو زيانەكانی ئەوەی كەلە ئەنجامی نائاسايی روويان داوە ئەوەی ديكە لە ئەنجامی بە كار هێنانی ئاسايی پاشان هەڵسن بە خەملاندنی ئەو زيانانەی لە ئەنجامی بە كار هێنانی نائاسايی ڕوويان داوە بە شێوەيەكی گونجاو كە مافی هەردوولای داوا رەچاو بكات هەروەها سەرۆكی شارەوانی لە داواكە داخل بكات بۆ روون كردنەوە كە ئايا موڵكی بەكرێ دراو مۆڵەتی بينای هەيە يانا چونكە ڕەگەزی موڵكەكە باخچەی دێميە بۆيە ئەم دادگايە بڕياری دا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕياری تانە لێدراو و گەڕاندنەوەی دۆسيەی داوا بۆ دادگاكەی بەمەبەستی

دەرکردنی بڕیار لەسەر بۆچوونەکانی سەرەوە و ناردنی بڕیارەکە بۆ ئەم دادگایە لە خۆیەوە (تلقائیا) بۆ ئەم دادگایە ئەم بڕیارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/٩/١٤ .

**ژمارە / ٤٠/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت ١٤/ ٩ /٢٠٢٣**

لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/١٤ وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (١٦٢/ ب /٢٠١٨) دادگای بەرایی لە شەقلاوە بڕیاری دەرکرد بە پابەندکردنی داوالێکراوان/ ١- نوێنەرایەتی وەزارەتی پەروەردەی عیراقی لە هەولێر و دهوك وە ٢- وەزارەتی پەروەردەی عیراقی سەرەڕای کارەکانیان وەك کەسی سێ یەم لەتەك داوالێکراو بە پێدانی بڕە پارەی (١٢,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار کە وەك قەرەبووکردنەوەی لە ئەنجامی ئەو زیانانەی کە پێیگەیشتووە لە بەکار هێنانی نا ئاسایی لە موڵکی ژمارە (٥/١٧٣١) م١٦ای زەویەکانی لە شەقلاوە کە موڵکایەتی دەگەڕێتەوە بۆ داواکاری تانە دژ لەسەرکراوان . وە لەبەر رازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بەبڕیاری دادگای بەرایی شەقلاوە هەڵسا بە تانە لێدان بە ڕێگای تانەلە بەرژەوەندی یاسا بە پێ ی تیانووسی ژمارە (٨٣٦/٣ لە ٢٠٢٣/٥/١٠) وە پاش گەیشتنی دۆسیەو تانەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمارکراو دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار** / پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت تانە لەبەرژەوەندی یاسا لە ماوەی یاسایی پێش کەش کراوە و مەرجەکانی تری تانەی تێدایە بۆیە پەسەندە لە رووی شێوەوەوە تێبینی کرا کە بریاری دادگای بەرایی شەقڵاوە کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە و تانەی لێدراوە ڕاست نییە پێشێل کاری یاسایی کردووە وە دادگا بەهەڵە داچووە کە بڕیاری دەرکردووە بەو بڕە پارەیەی لەلایەن شارەزاکانەوە خەملێنراوە پێش ئەوەی داوایان لێبکات کە ئەو زیانانەی دیاری بکەن لە ئەنجامی بەکار هێنانی ئاسایی و ئەوانەی لە ئەنجامی بەکار هێنانی ئاسایی (الأستعمال الاعتيادي والغير اعتيادي) روویان داوە بەر موڵکەکە کەوتوون بۆ دەبوو دادگا پەنابەات بۆ شارەزایانی پسپۆڕ لە ئەندازیارانی شارستانی لەم بوارە دا کە هەڵسن بە دیارکردنی هەموو زیانەکانی ئەوەی کەلە ئەنجامی نائاسایی روویان داوە ئەوەی دیکە لە ئەنجامی بە کار هێنانی ئاسایی پاشان هەڵسن بە خەملاندنی ئەو زیانانەی لە ئەنجامی بە کار هێنانی نائاسایی ڕوویان داوە بە شێوەیەکی گونجاو کە ماڤ هەردوولای داوا رەچاو بکات هەروەها سەرۆکی شارەوانی لە داواکە داخل بکات بۆ روون کردنەوە کە ئایا موڵکی بەکرێ دراو مۆڵەتی بینای هەیە یانا چونکە ڕەگەزی موڵکەکە باخچەی دێمیە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانە لێدراو و گەڕاندنەوەی دۆسیەی داوا بۆ دادگاکەی بەمەبەستی دەرکردنی بڕیار لەسەر بۆچوونەکانی سەرەوە و ناردنی بڕیارەکە بۆ ئەم دادگایە لە خۆیەوە (تلقائیا) بۆ ئەم دادگایە ئەم بڕیارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/٩/١٤ .

**ژمارە / ٤١/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت ١٤/ ٩ /٢٠٢٣**

لەڕێکەوتی ٢٠١٤/٤/٦ وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (٢٩٠٨/ ش١/٢٠١٣) دادگای باری کەسێتی لە هەولێر بڕیاری دەرکرد بە چەسپاندنی رەچەلەك وەهەروەها پەسەندکردنی هاوسەرگیری دەرەکی کەلە ڕێکەوتی (٢٠٠٦/١/٢٠) لە داواکاری دژ لەسەرکراو (س/ ش/ ع/) کەلە هاوسەری کۆچ کردووی بەناوی (ص/ ح/ ق/) وە بە پەسەندکردنی بەرواری کۆچ کردنی هاوسەری وە گێڕاندنەوەی رەچەڵەکی منداڵەکان بۆ هەردووکیان وە لەبەر رازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بەبڕیاری دادگای باری شارستانی لە

هەولێر هەڵسا بە تانە لێدان بە ڕێگای تانە لە بەرژەوەندی یاسا بە پێ ی تیانووسی ژمارە (١٢٨١/٣ لە ٢٠٢٣/٧/٩) وە پاش گەیشتنی دۆسیەو تانەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمارکراو دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-
**بڕیار** / پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت تانەی پێشکەش کراوە لەلایەن سەرۆکی داواکاری گشتی لەبەرژەوەندی یاسا پەیوەستە بەبڕیاری دادگای باری کەسی هەولێر بە ژمارە (٢٩٠٨/ش/٢٠١٣/١) لە (٢٠١٤/٤/٦) کە بڕیاری داوە بە چەسپاندنی ڕەچەڵەکی منالآنی داواکار لە کۆچکردوو (ص/ ح/ ق/) وە لەبەر ئەوەی تانە لە دەرەوەی ماوەی یاسایی پێشکەش کراوە وە بە پێ ی مادەی (٣٠/دووەم/ب) لە یاسای داواکاری گشتی ژمارە (١٥٩سالّی ١٩٧٩)ی هەموار کراو ناکرێت تانە لە بەرژەوەندی یاسا بدرێت بە پێ ی (أ) لە هەمان برگە ئەگەر هاتوو سێ سالّ پتر تێپەڕیبوو لە دەرچوونی بڕیاری تانە لێدراو بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە ڕەتکردنەوەی تانەکە لە رووی شێوەوە (شکلا) ئەم بڕیارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/٩/١٤ .

**ژمارە / ٤١/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٢ ڕێکەوت ٢١/ ١٢/ ٢٠٢٢**

لەڕێکەوتی (٢٠٢٠/١١/١٠) وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (٢٣١/ب/٢٠١٩) دادگای بەرایی شەقلاوە بڕیاری داوە بە ڕا ست کرد نەوەی لە دا یك بوونی داوا کار (ش/ ی/ ح/أ/) لە (١٩٨٥/٤/١٥) بۆ ڕێ کەوتی (١٩٨٧/٤/١٥) وە پابە ندکردنی بەرێوە بەری فەرماذ گەی کارتی نیشتمانی لە بالیسان سەرەڕای کارە کەی بە تۆ مارکردنی لە تۆمارەکانی بەرێوەبەرایەتی کاروباری شارستانی لە بالیسان وە لە بەر قایل نەبوونی سەرۆکی داوا کاری گشتی هەرێم بەم بڕیارە هەڵسا بە تان لێدان لەو بڕیارە دەست پێشخەربوو لە تا نە لێدان لە بەرژەوە ندی یا سا داوای هەڵوە شاندنەوەی بڕیارە کە دە کات لە بەر ئەم هۆکارا نەی سەرەوە د یاری کراوە بڕیارە کە هەڵوە شاوەتەوە بە بڕیاری حکمی سەرەتایی دیاری کراو بە پێ ی بڕیاری داد گای پێدا چوونەوەی هەرێم بە ژمارە (٢٣/دە ستەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا/٢٠٢١) لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١٢/٢٠) وە پاش گەڕا نەوەی دۆ سیەی داوا کە بۆ داد گای بەرایی شەقلاوە وە دوو بارە وورد بینی بڕ یار درا بە ژ مارە (٢٣١/ب/٢٠١٩) لە ڕێ کەوتی (٢٠٢٢/٨/١) بە ڕەتکردنەوەی داوای داواکار (ش/ ی/ ح/أ/) بەرامبەر داوالێکراو ( بەرێوە بەری باری شارستانی وە بەرێوە بەری کارتی نیشتمانی لە ....) سەرەڕای کارەکاذ یان لە بەر نەبوونی دژە بەری ( عدم تو جه الخ صومه) لەلا یەن داوالێکراوان وە دوای ناردنی داوا بە شێوەی (تلقائی) وە ڕەوانەکرد نەوەی بۆ داد گای پێدا چوونەوە وە پاش گەیشتنی دۆسیە و تانەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمارکرا و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-

**بڕیار** / پاش ووردبینی و گفتوگۆ تێبینی کرا کە تانەی پێداچوونەوەی پێشکەش کراو لە لا یەن داوا کار (ش/ ی/ ح/أ/) لە سەر بڕ یارێکی ئەم دادگا یە بە ژ مارە (٢٣/دە ستەی تا نە لە بەرژەوە ندی یا سا/٢٠٢١) لە (٢٠٢١/١٢/٢٠) دا یە کە هەڵوە شێنەری بڕ یاری پێشوی داد گای بەرایی شەقلاوە لە (٢٠٢٠/١١/١٠) وە لە بەر ئەوەی بڕیاری تانە لێدراو بە پێداچوونەوە تەنها شیاوی پێدا چوونەوەی (تلقائی) یە نەك پێدا چوونەوە لەلا یەن هەردوولای داواکە ئەوەش بە پێ ی مادەی (٣٠/**ثانیاً**- ج) لە یاسای داواکاری گشتی بەرکارە لە سەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەتکردنەوەی تانەی داواکار لە رووی شێوەو وە لە بەر ئەوەی بڕیاری تا نە لێدراو پەیرەوی بڕیاری ئەم دادگا یەی بە ژ مارە (٢٣/ دە ستەی تا نە لە بەرژەوە ندی یا سا/٢٠٢١) لە (٢٠٢١/١٢/٢٠) دا کردووە بڕ یار درا بەراستاندنی و لە ئەستۆگرتنی پێداچووکاری داواکار بە ڕەسمی پێداچوونەوەی دراو وە ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٢/١٢/٢١ .

**ژماره / ٤٢/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣** **ڕێکەوت**

**١٤/ ٩ /٢٠٢٣**

**لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٢ وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (٣٥/ب/٢٠٢٢) دادگای بەرایی خەلیفان بڕیاری دا بە ڕاست کردنەوەی بەرواری لەدایك بوونی کچە ناکامەکەی بەناوی (ن/) لە (٢٠١٨/٢/٢٠) بۆ (٢٠١٧/١٢/٢٠) وە بەئاگادارکردنەوەی فەرمانگەی کارتی نیشتیمانی لە خەلیفان بە تۆمارکردنی لە تۆمارەکانی بەرێوەبەرایەتی پەیوەندار . وەلەبەر ڕازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بەم بڕیارە دەست پێشخەر بوو لە تانە لێدان لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێم لە رێگای تانە لە بەرژەوەندی یاسا بەپێ ی نووسراوی ڕەوانەکراو لەبەر ئەم هۆکارانەی کەناردراوە بۆ سەرۆکایەتی داواکاری گشتی پاش ڕەوانەکردنەوەی بۆدادگای ئامادەپێکراو بە هەڵوەشاندنەوەی حکمی دیاری کراو بە پێ ی بڕیاری دادگای پێداچوونەوەی هەرێم بە ژمارە (٢٩/دەستەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا /٢٠٢٢) لە (٢٠٢٢/١٢/٢١) پاش گەڕاندنەوەی دۆسیەی داواکە بۆ دادگای بەرایی لە خەلیفان وە هەروەها دووبار ووردبینی بڕیار درا بە ژمارە (٣٥/ب/٢٠٢٣) لە رێکەوتی (٢٠٢٣/٦/٤) بە ڕتکردنەوەی داواکە . وە دوای ناردنی داوا بە شێوەی (تلقائی) وە گەڕاندنەوەی دۆسیەی داواکە بۆ دادگای پێداچوونەوەی هەرێم . وەپاش گەیشتنی دۆسیەو تانەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمارکراو دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-**

**بڕیار/ پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە بڕیاری دادگای بەرایی خەلیفان بە ژمارە (٣٥/ب/٢٠٢٢) لە (٢٠٢٣/٧/٣) کە ڕەوانەی ئەم دادگایە کراوە بەمەبەستی ووردبینی پێداچوونەوە , تێبینی کرا کە بڕیاری دادگا بە رەتکردنەوەی داوای داواکار بڕیارێکی دروستە پابەندی یاسایە دادگا پەیڕەوی بڕیاری ئەم دادگایەی کردووە بە ژمارە (٢٩/دەستەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا /٢٠٢٢) لە(٢٠٢٢/١٢/٢١) بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە ڕاستاندنی بڕیارەکە ئەم بڕیارەش بە زۆرینە دەرکرا لە ٢٠٢٣/٩/١٤**

**ژمارە / ٤٣/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣** **ڕێکەوت**

**١٤/ ٩ /٢٠٢٣**

**لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٣ وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (٣٦/ب/٢٠٢٢) دادگای بەرایی خەلیفان بڕیاری دا بە ڕاست کردنەوەی بەرواری لەدایك بوونی منداڵە ناکامەکەی بەناوی (م1........................0/ .2130) لە (٢٠١٨/١٢/٢٤) بۆ (٢٠١٩/٣/١٤) وە بەئاگادارکردنەوەی بەرێوەبەرایەتی کارتی نیشتیمانی لە خەلیفان بە تۆمارکردنی لە تۆمارەکانی بەرێوەبەرایەتی کاروباری شارستانی لە خەلیفان وە لەبەر ڕازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بەم بڕیارە دەست پێشخەر بوو لە تانە لێدان لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێم لە رێگای تانە لە بەرژەوەندی یاسا بەپێ ی نووسراوی ڕەوانەکراو لەبەر ئەم هۆکارانەی کەناردراوە بۆ سەرۆکایەتی داواکاری گشتی پاش ڕەوانەکردنەوەی بۆ دادگای ئامادەپێکراو لە سەرەوە بە هەڵوەشاندنەوەی حکمی دیاری کراو بە پێ ی بڕیاری دادگای پێداچوونەوەی هەرێم بە ژمارە (٢٨/دەستەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا /٢٠٢٢) لە (٢٠٢٢/١٢/٢١) پاش گەڕاندنەوەی دۆسیەی داواکە بۆ دادگای بەرایی لە خەلیفان وە هەروەها دووبارە ووردبینی بڕیار درا بە ژمارە (٣٦/ب/٢٠٢٣) لە رێکەوتی (٢٠٢٣/٦/٤) بە ڕەتکردنەوەی داواکە . وە دوای ناردنی داوا بە شێوەی (تلقائی) وە گەڕاندنەوەی دۆسیەی داواکە بۆ دادگای پێداچوونەوەی هەرێم . وەپاش گەیشتنی دۆسیەو تانەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمارکراو دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-**

**بڕیار/ پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت بڕیاری دادگای بەرایی خەلیفان بە ژمارە (٣٦/ب/٢٠٢٢) لە (٢٠٢٣/٧/٣) کە ڕەوانەی ئەم دادگایە کراوە بەمەبەستی ووردبینی پێداچوونەوە , تێبینی کرا کە بڕیاری دادگا**

به ڕەتکردنەوەی داوای داواکار بڕیارێکی دروستە پابەندی یاسایە دادگا پەیڕەوی بڕیاری پێداچوونەوە کە لەم دادگایە دەرچووە بە ژمارە (٢٨/دەستەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا /٢٠٢٢) لە(٢٠٢٢/١٢/٢١) کردووە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە ڕاستاندنی بڕیارەکە ئەم بڕیارەش بە زۆرینە دەرکرا لە ٢٠٢٣/٩/١٤

**العدد / ٤٤/ هيئة الطعن لمصلحة القانون / ٢٠٢٣ التأريخ ١٤/ ٩ /٢٠٢٣**

قرر السيد منفذ العدل في دهوك في الاضبارة التنفيذية المرقمة (١١٨٢/ت/٢٠٢٢) بتأريخ (٢٠٢٢/١١/٢٠) و (٢٠٢٣/٥/١٦) برفض طلب الدائن ( ع/ ر/ د/) المدير المفوض لشركة المجموعة الهندسية للاعمار والاستثمار اضافة لوظيفته المقدمة اليه فيما يتعلق بالمدينة مطلوب الطعن ضدها (ح/ س/ ح/) والتسوية المقدمة من قبلها بدفع الدين المترتب بذمتها استناداً للمادة (٤١) من قانون التنفيذ ولعدم قناعة رئيس الادعاء العام بالقرار المذكور بادر الى الطعن فيه تمييزاً عن طريق الطعن لمصلحة القانون بموجب طي الكتاب المرسل من قبل رئاسة الادعاء العام المرقم (١٤٧٥/٣) ولدى ورودها سجلت ووضعت قيد التدقيق والمداولة :-

القرار/ لدى التدقيق والمداولة وجد أن الطعن لمصلحة القانون المقدم من قبل السيد رئيس الأدعاء العام المؤرخ في ( ٢٠٢٣/٧/٢٥) منصب على القرار الصادر من منفذ العدل في دهوك بتأريخ (٢٠٢٢/١١/٢٠) و (٢٠٢٣/٥/١٦) وحيث ان القرار المطعون فيه سبق وان كان محلا للطعن التمييزي امام محكمة استئناف منطقة دهوك بصفتها التمييزية وبنتيجة التدقيقات التمييزية اصدرت المحكمة المذكورة قرارها المرقم (٣٠٨/ت ت/٢٠٢٢)في(٢٠٢٢/١٢/٢١) بتصديق القرار المميز و ردطلب التصحيح بموجب قرارها المرقم (٩/ت ص/٢٠٢٣) في (٢٠٢٣/٢/١٤) وبذلك ان الطلب يفتقد الى الشرط الوارد في الشق الأخير المادة (٣٠/ثانياً-أ)من قانون الأدعاء العام رقم (١٥٩/لسنة ١٩٧٩ المعدل) حيث من شروط الطعن لمصلحة القانون عدم الطعن في القرار المطعون فيه من ذوي العلاقة كما أن القرار المؤرخ في (٢٠٢٣/٥/١٦) الصادر في الأضبارة اعلا لايوجد فيه اي خرق في تطبيق القانون عليه تقرر رد الطعن شكلاً واعادة الأضبارة الى مديريتها وصدر القرار بالأتفاق في ٢٠٢٣/٩/١٤ .

**ژمارە / ٤٥/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت ٢٤/ ٨ /٢٠٢٣**

لەبەرواری (٢٠٢١/٩/٧) وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (١٥٨/ب/٢٠٢١) دادگای بەرایی سلێمانی بڕیاری دەرکردبە تۆمارکردنی پشکی داوالێکراو(ر/ ر/ ع /و/) بۆ داواکار (ك/ م/ س/ أ/) لە پارچە زەوی ژمارە (٤٩٢/٢٦٤/کەرتی ٨/ئابلاخ) کەوا دوکانی لەسەر دروست کراوە بە بەهای خەملێنراو بە بڕی (١٠٣,٢٥٥,٠٠٠) سەدو سێ ملیۆن و دووسەدو پەنجاوپێنج هەزار دینار. وە لەبەر رازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بە بریاری دادگای بەرایی سلێمانی (٢) دەست پێشخەر بوو لە تانە لێدان لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێم لە ڕێگەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا بە پیێ ی نووسراو رەوانەکراو داواکاری کرد بە هەڵوەشاندنەوەی لەبەر ئەم هۆکارانەی کە ناردراوە بۆ سەرۆکایەتی داواکاری گشتی پاش رەوانەکردنەوەی بۆ دادگا بەپیێ ی نووسراوی ئاماژەپێکراو و هەڵوەشاندنەوەی بریار بەپیێ ی دادگای پێداچوونەوەی هەرێم بە ژمارە (٢٤/دەستەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢١) لە (٢٠٢١/١٢/٢٠) وە پاش گەراندنەوەی دۆسیەی داواکە بۆ دادگای ناوبراو . وە دووبارە ووردبینی تیایدا بریاردرا بە ژمارە (١٥٨/ب٢٠٢١/٢) لە بەرواری (٢٠٢٣/٦/١٨) بە رەتکردنەوەی داواکەو . وە ناردنەوەی بە شێوەی (تلقائی) بۆ دادگای پێداچوونەوەی هەرێم . وە بە گەیشتنی دۆسیەو تانەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمارکراو دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ؛-

**بڕیار** / پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە بریاری دەرکراو و بابەتی داواکە پێداچوونەوەی خۆکارانە (تمییز تلقائی) دەیگرێتەوە و تێبینی کرا کە بریاری دادگای بەرایی سلێمانی دوو بە ژمارە (١٥٨/ب/٢٠٢١) لە (٢٠٢٣/٦/١٨) بەرەت کردنەوەی داوای داواکار بریارێکی راستە و پابەندی یاسایە دادگا پەیرەوی بریاری ئەم

**دەستەیەی کردوو بە ژمارە (٢٤/ تانەلەبەرژەوەندی یاسا/٢٠٢١) لە (٢٠٢١/١٢/٢٠) بۆیە بڕیار درا بە ڕاستاندنی بڕیارەکە گەڕانەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی ئەم بڕیارەش بەکۆی ڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/٨/٢٤ .**

**ژمارە / ٤٨/ دەستەی تانە لەبەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت ٨/ ١٠ /٢٠٢٣**

**لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/١/٢٦ وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (٤٩/استملاك / ب٢٠٢١/٢) دادگای بەرایی لە هەولێر بڕیاری دەرکرد بە لەژێردەست هێنانی خاوەندارێتی تەواوی موڵکی ژمارە (١٠٦٨٠١ /٣٢ م ٤٤ وارش) کە خاوەنداریەتی دەگەڕێتەوە بۆ خۆماڵەلێکراو (المستملك منه) داواکاری تانە دژ لەسەرکراو - وە تۆمارکردنی زەوی و بینا بە ناوی خۆماڵەکار (المستملك) بەڕێوەبەری گشتی دەستەی بەڕێوەبردن و وەبەرهێنانی سامانی وەقفی سنی سەرەڕای کارەکەی لە جیاتی قەرەبووی بڕە پارەی (٠٠٠ , ٠٠٠ , ٠٠٠ , ٤٧) چل وحەوت ملیار دینار بە سپاردنی لە خەزنەی دادگا لە بەرژەوەندی خاوەن موڵك داوالێکراو / خۆماڵەلێکراو (المستملك منه) وە لەبەر ڕازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بە بڕیاری دادگای بەرایی هەولێر دەست پێشخەر بوو لە تانە لێدان لەبەرژەوەندی یاسا بەپێ ی تیانووسی ژمارە (٩٣٠/٣/لە ٢٠٢٢/٧/٦) داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات لەبەر ئەم هۆکارانەی سەرەوە دیاری کراوە بڕیارەکە هەڵوەشاوەتەوە بەبڕیاری سەرەتایی دیاریکراو بە پێ ی بڕیاری دادگای پێداچوونەوەی هەرێم بەژمارە (١٧/دەستەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا/٢٠٢٢) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١٠/١٦)وە پاش گەڕانەوەی دۆسیەی داواکە بۆ دادگای بەرایی هەولێر دووبارە ووردبینی بڕیار درا بە ژمارە (٤٩/استملاك/ب٢٠٢١/٢) لە (٢٠٢٣/٥/٢٩) بە ڕەتکردنەوەی داوای داواکار خۆماڵەکار وە دووبارە ناردنەوە بۆ دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان و تۆمار کرا و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ:-**

**بڕیار/ پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە داواو بڕیاری دەرکراو لە داواکە ملکەچی پێداچوونەوەی خۆکارانەیە و تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای بەرایی هەولێر بە ژمارە (٤٩/استملاك/٢٠٢١) لە (٢٠٢٣/٥/٢٩) بە ڕەتکردنەوەی داواکاری خۆماڵەکردنی موڵکی ژمارە (..../٣٢م٤٤ وارش) بە زەوی پێکهاتەکانەو (.....) و هەڵوەشانەوەی تۆماری موڵکەکەو دووبارە تۆمارکردنەوەی بەناوی کۆمپانیای (....) دەرکەوت بڕیارێکی دروستە پابەندی یاسایە دادگا پەیڕەوی بڕیاری ئەم دەستەیەی کردووە بە ژمارە (١٧/دەستەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا/٢٠٢٢) لە (٢٠٢٢/١٠/١٦) بۆیە بڕیار درابە ڕاستاندنی بڕیارەکە بەهەموو بڕگەکانیەوە هەروەها**

**ئەم دادگایە بڕیاری دابە ڕەتکردنەوەی داخوازی بریکاری (مستملك منه) بە ناردنی دۆسیەکە بۆ دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە خەسڵەتی پێداچوونەوە بەمەبەستی بینینی تانەی پێداچوونەوە لەسەر بڕیاری ژمارە (٤٩/استملاك/ ٢٠٢١) لە (٢٠٢٣/٥/٢٩) چونکە بڕیاری ناوبراو لە ئەنجامی بڕیاری ئەم دەستەیە بە ژمارە (١٧/تانە لە بەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٢) لە(٢٠٢٢/١٠/١٦) دەرکراوە ملکەچی هیچ جۆرە تانەیەك نیە (غیر خاضع للطعن التمییزي) بەپێ ی مادەی (٣٠/دووەم-٣) لە یاسای داواکاری گشتی ژمارە (١٥٩ ساڵی ١٩٧٩) هەموار کراو ئەم بڕیارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/١٠/٨ .**

**ژمارە / ٥٠/ دەستەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت / ٢٠٢٣/١٠/١٧**

**لە ڕێکەوتی (٢٠١٠/٦/٣) وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (٢٤٣/ب/٢٠١٠) دادگای بەرایی سۆران بڕیاری دا بە ڕاست کردنەوەی ناوی باپیری داواکاری تانە دژ لەسەر کراو (داواکار/ خ/ ق/ ه/) بکرێت بە (ح/) لە بڕی (ش/ أ/) دیاری بکرێت لە تۆمارەکانی داوالێکراو ڕاستگری تۆماری باری شارستانی سۆران . وە لەبەر ڕازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بە بڕیاری دادگای بەرایی سۆران هەڵساوە بە تانە لێدان لە**

ڕێگای تانە لە بەرژەوەندی یاسا بە پێی تیانووسی ژمارە (١٩٢٢/٣) لە (٢٠٢٣/٩/٢٤) وە پاش گەیشتنی تانە و دۆسیەکەی بۆ دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان تۆمار کرا و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
**بڕیار/** پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانە لە بەرژەوەندی یاسا لە لایەن سەرۆکی داواکاری گشتی لە سەر بڕیاری حوکمی دادگای بەرایی سۆران بە ژمارە (٢٤٣/ب/٢٠١٠) لە (٢٠١٠/٦/٣) یەوە لە بەر ئەوەی بڕیاری ناوبراو پێش زیاتر لە (١٢) دوازدە ساڵ دەرچووە وە بە پێی مادەی (٣٠/دووەم - ب) لە یاسای داواکاری گشتی بەرکار ناکرێت تانە لە بەرژەوەندی یاسا بدرێت بە پێ ی (أ) لە هەمان بڕگە ئەگەر هاتووە سێ ساڵ تێپەر بوو لەسەر پلەی کۆتایی بڕیارەکەیان پلەی بنبڕی وەرگرتبێت بۆیە بڕیار درا بە پەسەند نە کردنی داواکاریەکە و ڕەتکردنەوەی لە ڕووی شێوەوە  ئەم بڕیارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/١٠/١٧ .

**ژمارە / ٥٣/ دەستەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت / ٢٠٢٣/١١/١٦**

لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١٠/١٣) وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (١١٠/ش/٢٠٢٢) دادگای باری شارستانی لە پیرمام بڕیاری دا بە چەسپاندنی ڕەچەڵەکی داواکار داواکاری تانە دژ لەسەرکراو وە لە سەرینی هاوسەرگیری لە داوالێکراوان هەریەك لە باوك و دایکی بە ناوەکانی (ف/س/ خ/ و م/ ص/ ع/) کە بە ڕێکەوتی لە دایك بوونی لە (٢٠٠١/٢/١) وە هەروەها پابەند کردنی فەرمانگەی پەیوەندار بە تۆمار کردنی لە تیانووس و بەڵگەی میری . وە لەبەر ڕازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بە بڕیاری دادگای باری شارستانی لە پییرمام هەڵسا بە تانە لێدان بە ڕێگای تانە لە بەر بەرژەوەندی یاسا بە پێ ی تیانووسی ژمارە (٢٠٢٨/٣) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/١٠/٩) . وە پاش گەیشتنی تانە و دۆسیەکە بۆ دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان تۆمار کرا و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
**بڕیار/** پاش ووردبینی و گفتوگۆ تێبینی کرا کە بڕیاری تانە لێدراو بە تانە لە بەرژەوەندی یاسا لە لایەن سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم لەسەر بڕیاری دادگای باری کەسی پیرمام بە ژمارە (١١٠/ش/٢٠٢٢) لە (٢٠٢٢/١٠/١٣) دەرچووە ڕاست نیە پێشێلی یاسای تێداکراوە چونکە پێویستە کە لە سەرەتا دا دادگا پێڕاگەیاندن دەرکات بۆ داواکاری گشتی بۆ ئامادە بوونی لە داواکە بە پێی مادەی (١٣) لە یاسای داواکاری گشتی هەروەها دەبوایە دادگا لێکۆڵینەوەکانی خۆی تەواو بکات سەبارەت بە هۆکاری (ترقین قيدي) داواکار لە تۆماری خێزانەکەی هەروەك لە وێنەی تۆماری خێزانی هاتووە کە هاوپێچە بە داواکەوە نووسراو دەربکات بۆ بەڕێوەبەرایەتی باری شارستانی (.....) پرسیار کردن لە هۆکاری (ترقين قيدي) ناوبراو هەروەها بە دێ ی بەڵگەنامەی لە دایك بوون تانە لێدراو لە بەرژەوەندی یاسا لە دایك بووی (٢٠٠٦/٣/٣) کە ئەمەش بەڵگەنامەی فەرمی یە تانەی لێ نادرێت مەگەر بە تەزوید نە بێت بۆیە ئەگەر داوای ڕاست کردنەوەی ڕۆژ و بەرواری لە دایك بوون بکات ئەمەش لە تایبەتمەندی دادگای بەراییە نەك دادگای باری کەسی لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە هەروەها بڕیارەکە پێشتر تانەی لێ نەدراوە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە هەڵوەشانەوەی بڕیاری تانە لێدراو بە تانە لە بەرژەوەندی یاسا گەڕانەوەی دۆسیەکە بۆ دادگا کەی بۆ دووبارە بڕیار دەرکردنەوە لە سەر ڕۆشنایی بۆ چوونەکانی سەرەوە

ناردنەوەی بە شێوەی خۆکاری (تلقائیاً) بۆ ئەم دادگایە بە مەبەستی ووردبینی ئەم بڕیارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/١١/١٦ .

**ژمارە / ٥٤/ دەستەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت / ٢٠٢٣/١١/٢٣**

لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٢/٢٤) وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (٤٧٥/ب/٢٠٢١) دادگای بەرایی عینکاوە بڕیاری دا بە ڕاست کردنەوەی ناوی باوکی داواکار - تانە دژ لەسەرکراو (ح/أ/ ش/) لە (و/) بۆ (أ/) وە ئاگەدار کردنەوەی فەرمانگەی باری شارستانی سەلاحەدین وە دیاری کردنی لە تیانووسی باری شارستانی . وە لەبەر ڕازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بە بڕیاری دادگای بەرایی عینکاوە دەست پێشخەر بوو لە تانە لێدان لەبەر بەرژەوەندی یاسا بە پێ ی تیانووسی ژمارە (١٤٤٤/٣) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٩/٨) داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات لەبەر ئەم هۆکارانەی سەرەوە کە دیاری کراوە . وە بڕیارەکە هەڵوەشاوەتەوە بە بڕیاری سەرەتایی دیاریکراوە بە پێی بڕیاری دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان بە ژمارە (٢٢/دەستەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا/٢٠٢٢) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١٢/٤) . وە پاش گەڕانەوەی دۆسیەی داواکە بۆ دادگای بەرایی لە عینکاوە وە دووبارە ووردبینی بڕیار درا بە ژمارە (٤٧٥/ب/٢٠٢١) لە (٢٠٢٣/٧/١٦) بە ڕەتکردنەوەی داوای داواکار و دووبارە ڕەوانە کردنەوەی بۆ دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان تۆمار کرا و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بڕیار/ پاش ووردبینی و گفتوگۆ ڕوون بووەوە کە بابەتی داوا و بڕیاری دەرکراو لە داواکە شیاوی پێداچوونەوەی خۆکارانەیە (تلقائی) وە تێبینی کرا بڕیاری دادگای بەرایی عەنکاوە بە ڕەتکردنەوەی داوای داواکار لە ڕووی شێوەوە بڕیارێکی دروستە دادگا پەیڕەوی بڕیاری ئەم دادگایەی کردووە بە ژمارە (٢٢/دەستەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا/٢٠٢٢) لە (٢٠٢٢/١٢/٤) لە بەر ئەوە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە ڕاستاندنی بڕیارەکە و ڕەتکردنەوەی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە چونکە بڕیاری تانە لێدراو شیاوی هیچ تانەیەك نیە کە لە ئەنجامی تانە لەبەرژەوەندی یاسا دەرچوو بێت ئەم بڕیارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/١١/٢٣ .

**ژمارە / ٥٦/ دەستەی تانە لە بەرژەوەندی یاسا / ٢٠٢٣ ڕێکەوت / ٢٠٢٣/١٢/٢٠**

لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٣/٢٨) وە لە دۆسیەی داوای ژمارە (٥٢/ب/٢٠٢٢) دادگای بەرایی قوشتەپە بڕیاری دا بە ڕاست کردنەوەی بەرواری لە دایك بوونی داواکاری تانە دژ لەسەرکراو (ر/ م/ م/) وە بکرێت بە (١٩٧٥/٧/١) لە جیاتی ڕێکەوتی (١٩٧٠/٧/١) وە بە ئاگادار کردنەوەی فەرمانگەی داوالێکراو وە سەرۆکی فەرمانگەی کارتی نیشتمانی لە قوشتەپە - سەرەڕای کارەکەی وە تۆمار کردنی لە تۆمارەکانی بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی پەیوەندار. وە لەبەر ڕازی نەبوونی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم بەم بڕیارە هەڵسا بە تانە لێدان بە ڕێگای تانە لە بەرژەوەندی یاسا بە پێی تیانووسی ژمارە (٢٢٤٨/٣) لە

ڕێکەوتی (٢٠٢٣/١١/٩) . وە پاش گەیشتنی تانە و دۆسیەکەی بۆ دادگاکەمان تۆمار کرا و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

**بڕیار/** پاش ووردبینی و گفتوگۆ تێبینی کرا تانە لە بەرژەوەندی یاساکە لە لایەن سەرۆکی داواکاری گشتی پێشکەش کراوە لە ماوەی یاسایی دایەو مەرجەکانی لە خۆ گرتووە وە تێبینی کرا بڕیاری تانە لێدراو ڕاست نییە و پێچەوانەی یاسایە و پێشێلی حوکمەکانی یاسای کردووە چونکە داواکار تەمەنی دیاری کراوە بە پێی بەڵگەنامەی لە دایك بوون کە لە دادگای باری کەسی دەرچووە بە ژمارە (.......) لە (١٩٧٧/١١/١٤) تەمەنی داواکاری تێدا جێگیر کراوە لە (١٩٧٠/٧/١) واتە ئەو کات تەمەنی (٧) حەوت ساڵ و (٥) پێنج مانگ بووە ئەمەش تانەی لێنادرێ مەگەر بە ساختەکاری نەبێت چونکە بەڵگەیەکی فەرمییە لە دادگا دەرچووە بۆیە هیچ بێژیەك (المنطق) ئەوە قەبوڵ ناکات تەمەنی داواکار بەرواری دایك بوونی بگۆڕدرێت بۆ (١٩٧٥/٧/١) چۆن دەکرێت لە کاتی خۆیدا واتە لە کاتی دەرکردنی بەڵگەنامە کە داواکار دوو ساڵان بووە بە حەوت ساڵ تۆمار کراوە سەرەڕای ئەوەش داواکار لە دانشتنی ڕۆژی (٢٠٢٢/١١/٩) لە بەردەم دادگا ڕایگەیاندووە کە ناوبراو فەرمانبەرە لە فەرمانگەی دەستەی پێوانە سازی کۆنتڕۆڵی جۆری لە هەولێر سەر بە وەزارەتی پلان دانان و هەر فەرمانبەرێك تەمەنی جێگیر کراوە لە تۆمارە فەرمییەکان (تثبیت العمر) ی بۆ کراوە وە ناکرێت بڕیارێك دەربکرێت و نە ساز بێت (تناقض) لە گەڵ ئەو بەڵگە فەرمیە لە فەرمانگەکەی دەرچووە بۆیە بڕیاری تانە لێدراو بە پێچەوانەی یاسای کارتی نیشتمانیە لە بەر

ئەوە ئەم دەستەیە بڕیاری دا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانە لێدراو وە ناردنەوەی داواکە بۆ دادگا کەی وە بڕیار دەربکات بە ڕەتکردنەوەی داوای داواکار وە پاشان ناردنەوەی بڕیارەکە لە خۆوە بۆ ئەم دادگا یە بە مەبەستی ووردبینی و پێداچوونەوە ئەم بڕیارەش بە کۆڕا دەرکرا لە ٢٠٢٣/١٢/٢٠ .